# ئەدۆنیس

## دوو گفتوگۆی فیکری و ئەدەبییە

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٠٥



لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما
زنجیرەی(٤٤)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(٢١) کتێب
ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: ئەدۆنیس
وەرگێڕانی: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا
تایپ: رابەر محەمەد قادر، عیماد رەسوڵ
دیزایین: نما
تیراژ: ١٠٠٠
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٥

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری  نما پارێزراوە

PDF4Kurd

## پێشەکی:

ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ کە شیعر کارێکی هونەری و ئیستاتیکیە، کارێکە لەخۆیدا هونەرو چێژی هونەری دەنوێنێ، کارێکە دەبێ حاڵەتی دەست بۆ بردن و فەزای دەست بۆ بردن و شوێنی دەست بۆ بردنی تایبەت بەخۆی هەبێ، کارێکە لە سێ مەیداندا هونەرو زمان و پیرۆزی، خۆی چڕ دەکاتەوە، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ کە قەسیدە کارێکی هونەرییە، ئەوە خودی نواندنی ئەو هونەرەش راستەوخۆ پەیوەندی بە زمانەوە دەکات، لێرە زمان دەبێتە رەگەزی سەرەکی هونەری شیعر، بەلاّم زمانیش لە لایەك هەڵگری مانا و دەلالەت و خەیاڵ و ئەزموونی خۆیەتی، لە لایەکی دیکە خاوەن پیرۆزیی خۆیەتی، قەسیدەش تەواوی ئەزموونی زمان لە خۆدەگرێ، بەو مانایەش زمان هەر تەنها وەسیلەیەك نییە بۆ تەعبیرکردن، هەر تەنها ئامرازێك نییە بۆ گەیشتن، بەڵکو کۆمەڵێك ئاماژەی بینراوەو وەك (هایدگەر) دەڵێ ماڵی بوونە (بڕوانە معرفة الاخر- مدخل الي المناهج النقدية الحديثة-بيروت ١٩٩٠ ل١٣٨)، هەروەها نووسین وەك (جۆناسان کولەر) دەڵێ قاپێك نییە تاکو یەکە ئامادەکراوەکانی زمان لەخۆ بگرێ، بەڵکو شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو یەکانە دەگرێتەوە(هـ.س.چ –ل١٣٣).

زمان بەر لەوەی دەستی بەرکەوێ، بەر لەوەی خۆی لێ بخشێنین، جیهانبینی تایبەت بەخۆی هەیە، جیهانبینی بەراییانەی زمان دامەزراوێکی مەعریفییەو بەردەوام لە نوێبوونەوە دایە، لێرە دەتوانین





ئەو رستەیە لە (دریدا) بخوازین کە دەڵێ زمان ئەوەیە کە تێگەیشتنمان بۆ دنیا لا دروست دەکات، بەلاّم زمانی ئەدەبی لەو پێوانانە دەردەچێ چونکە هەڵچوون دەوروژێنێ، نەك گوزارە لە واقیع بکات (هـ.س.چ– ل١٣٩).

بەمجۆرە لێرەدا لەقەسیدەو نووسینی قەسیدەدا گرنگی دەست لێدان دەردەکەوێ و دەرکەوتنی دەست لێدانیش یان بەمانایەکی روونتر پرۆسەی نووسینی شیعر ئەگەر بەدیوێك مامەڵەکردن بێ لەگەڵ دامەزراوە مەعریفیە بەراییەکانی زمان، یان ئەزموونی زمان، لەلایەکی دیکە هونەری نواندن، یان دەست لێدانی زمان و ئاستی نواندن لەنوسیندا رۆڵی تایبەتی خۆی دەگێڕێ.

کەواتە چەند لە نواندنی هونەری شیعریدا شاعیر توانای بەرجەستەکردنی پەیوەندی نوێ و رەهەندە مەعریفییەکان هەبێ، چەند خەونە جیاوازەکانی زمان، ئەو خەونانەی بەخەیاڵی زمان و ئیستاتیکای زمان و هەڵچوونەکانی زمانەوە خۆی دەڕازێنێتەوە لە قەسیدەدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، ئەوەندە ئاستی شیعر بەرز دەبێتەوە. هەر لەوێشەوە دەشێ وزەی ناونانی وشەش ڕوون بکەینەوە، دواجار ئەو وزەیە هەمیشە بۆ شارەزایی و تواناکانی شاعیر ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەشێکی بە حاڵەتی نووسینی شیعر (واتە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان) پەیوەستە، کەواتە شیعری ئیبداعی نەگوتراوەکان کەشف دەکا، جەوهەری خۆی دەڵێ لەهەمان کاتدا کەشفکەری جەوهەری زمانە، بەومانایەش دەشێ بڵێین ئەو جۆرە قەسیدەیە دەنگدانەوەی بێدەنگییە لە خۆدا هەڵگرتووە.



PDF4Kurd

(١)

رۆشنبیریی شیعری رۆشنبیرییەکە لەسەر جیاوازیو فرەیی و کرانەوەی بەردەوام وەستاوە، بەلاَم رۆشنبیریی ئایینی بەسروشتی خۆی بازنەیانە کار دەکات، ئەگەر ترۆپکی رۆشنبیریی بۆ مانای جیاوازو لێکدانەوەی جیاوازو خوێندنەوەی جیاواز بگەڕێتەوە، ئەوە ترۆپکی رۆشنبیریی ئایینی کەشێکە بەردەوام بۆ مانا دەگەڕێتەوە، کەواتە ئەگەر ژیان لەنێو رۆشنبیریی شیعری مارەسەکردنی جیاوازییەکان بێ، لەئاییندا وەستانە لەژێر سێبەری پەندو ئامۆژگاریو حیکمەت، هەر بەو مانایەش دەشێ بڵێین کە لاساییکردنەوە جێگیربوونو وەستانە، بەلاَم ژیان بەردەوام لە بزاڤدایە، ئەوەی لە دووتوێی لاساییکردنەوەش بمێنێتەوە وەك (ئەدۆنیس) دەڵێ دەکەوێتە دەرەوەی ژیان. (زمن الشعر– ادونیس، بیروت چ١ ١٩٧٢. ل٣٨)

ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی قەسیدەی نوێو کۆن لێکجیادەکاتەوە یەکێتی قەسیدەیە، قەسیدەی کۆن لەکۆمەڵێك بەیت پێکهاتووە، یان کۆمەڵێك یەکێتی سەربەخۆو دووبارە کراوە، کە هیچ پەیوەندییکیان بەیەکەوە نییە، یان سیستەمێك لەناوەوەدا جگە لە سەروا بەیەکی نەدەگەیاندن، بەلاَم قەسیدەی نوێ یەکێتییەکی یەکانگیرو ئۆرگانییە، جۆراوجۆرو یەکگرتووە، پارچە پارچە ناکرێ، چ لەڕووی فۆرمەوە یان لەناوەڕۆکدا، لەلایەکی دیکە کاری قەسیدەی کۆن دروستکردنی مانا بوو، بەمانایەکی دیکە لەسەر مانا دروست دەکرا، جا ئەو مانایە چ لە ترادیسۆنەوە وەرگیرابێ، یان لە شتگەلێکی دیکە، بەلاَم قەسیدەی نوێ





ئەزموونێکی جیاوازە، مانا کەشف دەکات، خاوەنی زمانێکی کەسییە، نەك زمانی گشتی، ئەوەی قەسیدەی نوێ دەنووسێ کەسێکە خاوەنی هەستێکی تایبەتو رۆشنبیرییەکی تایبەتو جیاوازە، بەلاَم ئەوەی کە قەسیدەی کۆن دەنووسێ تەقلیدییەتەو دەشێ لەوێوە زمانی گشتی ببینرێ، کەواتە لەقەسیدەی کۆندا جەماوەر ئەو بەرامبەرەیە کە بەردەوام شاعیری تەقلیدی بیری لێ دەکاتەوە، یان بەپلەی یەکەم دێتە ژماردن، بەلاَم قەسیدەی نوێ هیچ حیسابێك بۆ جەماوەر ناکات، بەڵکو خوێنەری خۆی لەڕێگەی رەهەندە مەعریفییەکانەوە دەدۆزێتەوە، لەڕێگەی هونەرو چێژەوە لەیەك نزیك دەبنەوە.

ئەگەر مەسەلەی جەماوەر پەیوەندی بەزمانی قەسیدەو مەعریفەی گشتییەوە هەبێ، واتە راستەوخۆ مەسەلەی تەعبیرکردن لەهەناوی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵابێ، ئەوە قەسیدەی نوێ لەسەر دابڕانو حەساسیەتو گرژیو جیهانبینی و خەونو خەیاڵەوە وەستاوە، سەرەڕای ئەو رەهەندە مەعریفییە نوێیەی کە لەپشت ناوکۆکییەکانی قەسیدەی نوێ، یان لە قوڵایی قەسیدەوە خۆی حەشار داوە، کەواتە قەسیدەی نوێ هەرگیز وەك قەسیدەی کۆن سەر بۆ مەسەلەکانی رێزمان شۆڕ ناکات، بەڵکو راستەوخۆ پەیوەندی بە جوانی و سیستەمی دەستەواژەو پەیوەندییە نوێیەکانەوە دەکات، ئەو سیستەمەش راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ئەزموونو هەڵچوونەکانی زمانەوە، واتە زمان لە شیعری نوێدا زمانی ئاماژەکارییە، ئەوەش راستەوخۆ پێچەوانەی زمانی زانستی دەبێتەوە کە زمانی دیاریکراوەکانە، واتە سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە کەچی شیعر بێ سنووری رەنگدەکاتو بەردەوام لەتەقینەوەدا خۆی



PDF4Kurd

هەڵدەگرێتەوە، ئەوەش راستەوخۆ وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد پەیوەندی بەرۆشنبیریی کەسییەوە دەکات، بەوەش لە رۆشنبیریی ئایینی دوور دەکەوێتەوە کە جەخت لەسەر فیکری غەیبانی دەکات، واتە رۆشنبیریی ئایینی بەمانا ئەدۆنیسییەکەی ملکەچ کردنە نەك ئازادی، کەواتە مەحاڵە لەدووتوێی ئەو رۆشنبیرییە داخراوە بتوانین شیعر وەك ئەوەی ممارسەکردنی ئازادییە ببێتە نووسین، لێرەدا شاعیری تازەگەر بۆئەوەی قەسیدەیەکی ئیبداعی بنووسێ پێویستە لەو رۆشنبیرییە دوور بکەوێتەوەو ئەزموونی تایبەت بەخۆی دابهێنێ، ئەو گۆڕان و داهێنانەش تەواوی ئاماژەکان و پەیوەندیمان لەگەڵ جیهان دەگۆڕێ، وەك چۆن گۆڕان دەخاتە دنیای خودو یادەوەرییەکانی وشەو خەونی زمانەوە، واتە هەر تەنها لەبازنەی مانا تەقلیدییەکاندا گیر ناخوات، بەڵکو لەڕێگەی رۆشنایی ئەمڕۆ گۆڕان بەسەر دوێنێی زیندوو دەهێنێ و سیستەم و رەهەندی نوێی لەشوێن دادەمەزرێنێ، بەو مانایەش وەك ئەدۆنیس دەڵێ: شیعر دروستکردنی پەیوەندی داهێنەرانەیە لەنێوان ئێستا و داهاتوو، لەنێوان دیارو نادیاردا، لەنێوان زەمەن و ئەبەدییەتدا، لەنێوان واقیع و میتاواقیعدا.

بەو مانایەش هەرچەندە ئەزموونی شاعیر دووربێ لە لاساییکردنەوە، یان جیاوازبێ ئەوەندە ئاماژە بە گۆڕان و هاوچەرخێتی و زیندوویێتی و عەقڵەوە دەکات، ئەوەندە زیندوویی داهێنان و زیندوویێتی دەستەواژەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام تەجاوز کردنی رابردوو وەك ئەدۆنیس دەڵێ تەجاوزکردنێکی رەهائامێز نییە، بەڵکو تەجاوز کردنە لەسەر ئاستی هونەری و چەمك و بەهاکان کە وەك مێژوو تەعبیر لەحاڵەتەکان دەکات،





وەك مێژوو بارودۆخی رۆشنبیری و مرۆڤانەی رابردوو دەنوێنێ، وەلاخستن و تەجاوزکردنی دەلالەت لە تەجاوزکردنی هۆیەکانی سەرهەڵدانی دەکات، هەموو سەردەمێکیش کاریگەری و هۆی تایبەت بەخۆی بونیاد دەنێ.

(٢)

سیاسەت کارکردنە، بەڵام شیعر کەشف کردن، شاعیر خەون و جیهانبینی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام سیاسی نەخشەو پلان و جێبەجێکردن، جیانەکردنەوەی ئەو دوو مەسەلەیە شێوانی شیعر ناگەیەنێت، بەڵکو راستەوخۆ شێوانی ئازادییە.

شاعیری داهێنەر بەپێی ئازادییەکانی دەتوانێ وجودی خۆی پراکتیزە بکات، ئازادی شاعیریش بە ئازادی ئەویدیکەوە دێتە ژماردن. ئەو شاعیرەی لەگەڵ هەموو زۆردارییەك لە نووسینی شیعر بەردەوامە، ئەو شاعیرەی لەگەڵ هەموو زوڵم و بێگارییەك شیعر دەنووسێ، بێ ئەوەی بیر لەو سێبەرە رەشانە بکاتەوە، بێ ئەوەی بیر لە ئازادی بکاتەوە، شاعیرێکە راستەوخۆ دەستی لە زوڵم و زۆرداری هەیە، چونکە مرۆڤایەتی مرۆڤ ، ئەوکاتە تەواو و کامل دەبێ، کە ئازادی لەئارادابێ، ئازادیش هەمیشە وەك ئیبداعە، شاعیری داهێنەر هەر تەنها قەسیدە داناهێنێ بەڵکو وێڕای ئەوەش زمانی نوێ و فەزای نوێ و جیاوازی و ئازادی و کەسێتی نوێ بۆ خۆی دادەهێنێ، یان بەمانایەکی دیکە مرۆڤایەتی مرۆڤانەی خۆی لەنوێوە دادەهێنێتەوە، هەر بەو مانایەش تاکو ئەدەب لە کۆمەڵگادا گۆڕانی بەسەردا نەیەت، کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا نایەت، واتە لە ڕێگەی



PDF4Kurd

کاریگـەری ئـەدەبو هونـەرەوە کۆمـەڵگا هـەنگاو بـەرەو گـۆڕانو نـوێ بوونەوە دەهاوێژێ.

بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە، کە شیعر وەزیفەی گۆڕانی کۆمەڵگا بـێ، بـەڵکو بـەو مانایەیـە کـە شـیعر لەڕێگـەی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی رۆشنبیریی و لـە ڕێـی بەرزکردنـەوەی فـەزای بیـنینو ئاسـتی جوانکـاریو ئامـاژەو فیکـرە مۆدێرنەکانـدا، لـە رێگـەی دروسـتکردنی مامەڵـەی نویٚو پەیوەنـدی نـوێی نێـوان وشـەو وشـەو، وشـەو خوێنـەر لـە رێگـەی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریو ئاستی بەهاو چەمکە نوێکانی خۆیـەوە، لـە رێگـەی فرەیـی و جیـاوازیو هەمـەڕەنگی و ئاسـتی بیرکردنـەوەی سـەردەمو رەهەنـدە مەعریفیەکانـەوە....هتـد زینـدەگی خـۆی لـە ژیـان پراکتیـزە دەکـات، لـە وێـوە بزاڤێکـی نـوێ دەخاتـە دووتـوێی ژیـانو پەیوەندیەکانـەوە، هـەر لەسـەر ئـەو بنەرەتـەش ((ئـەدۆنیس)) دەڵێـت: شۆڕش وەك شیعر ئەزموونێکی دیاریکراوە(ه س پ ل٧٣).

بـەو مانایـەش ئەگـەر شـۆڕش تـەعبیر لـە گـۆڕانو نوێبوونـەوەی کۆمـەڵگا بکـات، لێـرەوە شـیعر بـە هـەمان تـەعبیر کـردن کۆمـەڵگا بـەرەو گـۆڕانو نوێبوونەوە دەبات، ئەوەش پەیوەندی بە شیعری شۆڕشگێریی و شیعری مـژدە بەخشـەوە نییـە، بـەڵکی بـەو مانایـە لێکیـان نزیـك دەکەینـەوە کـە هـەردوو لـە خاڵێکـدا بـە یـەك دەگەنـەوە، ئـەویش لادانـە لـە جێگیربـوونو چەسپان، لادانە لە شتە باوو لە کارکەوتوەکان، بەڵام هـەر یـەکێك ئامرازو پەیوەنـدی نوێوجیـاوازو فـرە رەهەنـدی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. واتـە لـە دەرەوەی چەمکی ئەمرو نەهی پرسیارو گومانەکانی خـۆی دادەهێنـێ، لـە لایەکی دیکەش وەك چۆن شـۆڕش دژی دەسـەڵات رادەوەسـتێ بـە هـەمان





شێوە ئیبداعیش بۆ هیچ دەسەڵاتێك مل کەچ ناکات، بـەڵام ئاخۆ گـۆڕینی شێوەی دەسەڵات هـیچ گۆڕانێك لـە کۆمـەڵگا دەسازێنێ، واتـە بـێ ئـەوەی بیر لە گۆڕینی چەمكو بەهاو ماناکان بکەینـەوە، هـەر تـەنها لـە دووتـوێی گۆڕینی شێوەدا چۆن دەتوانین کۆمەڵگا بگۆڕین؟ ئەگـەر گـۆڕینی کۆمـەڵگا لـە رێگـەی گـۆڕینی جەوهـەری مرۆڤایەتییـەوە بـێ، بـەو مانایـە کـە (فیـور بـاخ) لــە کۆمــەڵێك پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی هەڵیدەگێڕێتــەوە، کەواتــە جەوهەری مرۆڤ رەها نییە، بەڵکو سیستەمی پەیوەندیـەکان دەگەیـەنێت، بـەو مانایـەش بـەکارهێنانی زەمـەن بونیـادی ژێـرەوەی حەقیقـەتی تـاك پێکـدەهێنێ، واتـای بـەکارهێنانی زەمـەنیش تـەعبیر لـە راسـتکردنەوەی ماهیەت دەکات، یان راسـتکردنەوەی پەیوندییـە کۆمەڵایەتیـەکان، کەواتـە ئەگەر ماهیەتی مرۆڤ لە دەرەوەی خـودی خـۆی بـێ، واتـە هـەر دەبـێ ئـەو ماهیەتە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر دابێ.

وەك چۆن شاعیرێك لە هەمان کاتدا ناشێ داهێنەرو لاساییکەرەوەش بـێ، بـە هـەمان شـێوەش کۆمـەڵگا ناشـێ لـە هـەمان کاتـدا دەرەبەگایـەتیو سوسیالی بـێ، یـان شۆڕشـگێڕو تەقلیـدی بـێ، هـەروەها مەحاڵـە لـە هـەمان کاتدا مرۆڤ رابردوو خوازو داهاتووخواز بێ ((ه س پ ل٨٩)).

کەواتە بۆ ئەوەی تەجاوزی قۆناغێکی دیایکراو یان فیکرێکـی دیایکراو بکـەین پێویسـتە تـەجاوزی شـێوەی تـەعبیرکردنوجیهانبینیو رێـرەوی بیرکردنـەوە بکـەین! راسـتە بـۆ ئـەوەی لـە رێگـەی شـۆڕش گـۆڕان دروسـت بکەین، دەبێ لە سیستەمێکدا ئەو شۆڕشە بەرجەستە بکـەین. ئەگـەرچی شۆڕش زۆر لەوە گەورەترە لە سیستەمێك جێگیر ببێ، چونکە بـەر لـەوەی لـە سیسـتەمێك بەرجەسـتەی بکـەین کڵپەیەکـەو گـۆڕان بەسـەر سیسـتەم



PDF4Kurd

دەهێنێ و نوێی دەکاتەوەو تەجاوزی دەکات، ئەوەش دوورە لەو سیستەمەی جل‌وبەرگی شۆڕش دەپۆشێ، وەك چۆن شیعری تەقلیدی هەرچەندە جل‌وبەرگی مۆدێرن بپۆشێ بەلاّم بە زووترین کات دەخنکێ و ون دەبێ و تەقلیدیەت شوێنی دەگرێتەوە، یان بە مانایەکی ڕونتر هەرگیز ناشێ فۆڕم شوێنی جەوهەرو ئاگردان شوێنی پۆلّو بگرێتەوە.

دواجار ئەوەی کە قەسیدەی ئیبداعی و شۆڕش لە یەك جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە شۆڕش وەك سیستەمێك بە ساتەوەختێکی دیاریکراوی مێژووییەوە پەیوەستە، بەلاّم شیعر گەرچی بە ساتەوەختێکی دیاریکراویش پەیوەست بێ، مێژوو تەجاوز دەکات، هەروەها شۆڕش زانستی گۆڕینی واقیعە، بەلاّم شیعر ڕەهەندی زمانەوانیە((بە مانا بەرفراوانەکەی وشە)) بۆ ئەو گۆڕینە، قەسیدە لە ڕابردووەوە نایەت بەلّکو لە ئێستاو داهاتوودا هەلّدەقولّێ، شیعر هونەری ممکناتە نەك هونەری واقیع.

کەواتە هەموو شاعیرێکی داهێنەر شۆڕشگێرە، هەموو شاعیرێکی شۆڕشگێریش وێرانکەرێکی گەورەی شتە باوەکانە، چونکە داهێنەرێکی گەورەی شتە نادیارەکانە، هەموو قەسیدەیەکی شۆڕشگێرانەش ساتەوەختێکی نوێ لە مێژوو دادەهێنێ، لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە شیعر کەشف دەکات، وێنە ناگرێ.

ئەگەر شۆڕش گۆڕینێکی ریشەیی و بەرفراوانی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بە میرات بۆماوە بێ، ئەوە شیعری داهێنەر، یان شۆڕشگێر بەرجەستە کردنی ئەو گۆڕانکاریانەیە، بەلاّم لە ڕێگەی زمان، گۆڕینی ئیبداعی لە ڕێگەی زمانەوە یەکسانە بە گۆڕینی ئیبداع لە ڕێی





کارەوە، هەر بەو مانایەش ڕەخنەی شۆڕشگێرانە ڕەخنەی بەراییانەیە، نەك جێ‌بەجێ‌کرد، واتە ڕەخنەی دەست پێکەو بەردەوام لە سەرەتادایە، نەك لە شێوەی پراکتیزە کردن.

کەواتە ڕۆلّی سیاسی و شۆڕشگێر لە تەقینەوەی فۆڕمە سیاسیەکانی سیستەمی کۆندایە، بەلاّم ڕۆلّی شاعیری داهێنەر لە تەقینەوەی فۆڕمە ڕۆشنبیریەکانی سیستەمی کۆندایە، واتە لە هەلّوەشاندنەوەی بونیادی ڕۆشنبیری کۆن و وێرانکردنی لە پێناو سەپاندنی بونیادێکی شۆڕشگێرانەی نوێباو، واتە وەك شۆڕش بونیادێکی نوێ دەخاتەوە، بەردەوام هێرش کردن و پرسیارکردن و گومانە.

(٣)

ئەگەر بەشێك لە تازەگەری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نادیارەوە بکات، بەشێکی پەیوەندی بەهەستی دەسپێکردندایە، هەستی دەسپێکردنیش پەیوەندی بە جوانی منالّییەوەیە بەو مانایەی کە پەیوەندی بە میتا سروشت و خواوەند و میتافیزیکاوە ناکات، بەلّکو جوانی حالّەتی منداڵ ڕاستەوخۆ بەواقیعی حالّەوە بەندە، زمانیش لەم تازەگەرییەدا ئەو ساتە وەختەیە کە ئامادەیە، کت و پڕ لەخۆوەیە، هەروەك جوولّەی شتەکان، واتە وەك منداڵ لە ئاستی شتەکاندا دەژی لەئاستی چرکەساتەکاندایە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەشەهوەتەوە هەیە، یان لەمندالّدا پەیوەندی بە چێژو خۆش شاتەوەختەوەیە هەیە، چێژ یان شەهوەتیش وەهمی دەست بەسەراگرتن بەرهەم دێنێ، ئەوەش وەهمێکە دەشێ پەیوەندی بەنادیارەوە هەبێ، چونکە هەرگیز سۆزو عاتیفە بەرەو میتافیزیکا نابات بەلّکو هەمیشە بەرەو ونبوون هەنگاو دەنێ بێ ئەوەی



PDF4Kurd

هیچ بڕێ، هیچ شتێ لەو ونبوونە نابڕێ کە خودی یادەوەری دەیقۆزێتەوە، کەواتە لێرەدا خود ئازادی لە پرۆسەی نووسینی شیعردا بەرجەستە دەبێ، ئەوەش بە نیسبەت خودی قەسیدە تەواوی بوون دەگەیەنێت، لێرەدا منی قەسیدە لەمنی منداڵ نزیك دەبێتەوە بەڵام ئەگەر منی منداڵ لەساتەوەختی چێژەوە خۆی بدۆزێتەوە، ئەوە منی شیعر ساتەوەختی چێژ یان شەهوەت لە زمانەوە هەڵدەگرێتەوە.

تازەگەری هەڵوێستو فیکرە، ڕێگای تێگەیشتنو بۆچوونی نوێیە، لەسەرووی ئەوەش پرۆسیسەکردنو ژانو ژوارە، کەشف کردنو جیاوازیو لەباوەش گرتنی نادیارە، بەم جۆرەش لەگەڵ بونیادی ژیانی شیعری بەمیرات بۆماوە ناودژ دەکەوێتەوە، بەواتایەکی دیکە دەلالەت لە گۆڕینی بونیادی زمان دەکاتو لەوێشەوە وەك گوتمان گۆڕانی بونیادی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات. ئەوەش نەك بەو مانایەی کە زمان وەسیلەی تەعبیرکردن بێ، بەڵکو بەو مانایەی کە ڕێگەیەك بێ بۆ بیرکردنەوە. جیاوازی نێوان زمانی کۆنو نوێش ئەوەیە کە مانا ەل زمانی کۆندا لەپێشەوەدا هەیە یان لە پێشوودایە. نووسەریش فۆرمەلەی دەکات، بەلام مانا لە زمانی نوێدا لەگەڵ نووسیندا لەدایك دەبێ، واتە لە دوای دێ ناکەوێتە پێشەوە (( هـ. س. پ ل١٣٢).

مرۆڤ بۆئەوەی وەك ڕەگەزێك لەرەگەزە چالاکەکانی تێکۆشانی ئازادیدا بەشداری بکات پێویستە خۆی لەناوەوە ئازاد بێ، شاعیری تازەگەریش ئەو کاتە دەتوانێ بەشداری لە پرۆسەی تازەکردنەوە بکات کە هەموو ڕەگەزە ملکەچەکانی ڕۆشنبیریی کۆن لە خۆیدا بماڵێ، چونکە ئەگەر ملکەچ بێ بۆ سیستەمی پەیوەندییە کۆنە کۆمەڵایەتییە بە میرات بۆ





مادەکان، ئەگەر ملکەچ بێ بۆ کەلەپورێك کە ناتوانێ ڕووبەڕووی هیچ گیروگرفتێك ئەمڕۆی نوێ بێتەوە هەموو قسەکردنێکی ئایدیۆلۆژیا ئامێز شتێکی دیکە نییە، تازەگەریش بەر لەوەی بەقسەکردن دەست پێبکات، بەرلەوەی پەیوەندی بەجلو بەرگی نوێوە هەبێ دەبێ لە قولاییە مەعریفییەکانی سەردەمەوە هەڵقولابێ، دەبێ لە نکوڵی کردنی تراديسیۆنە باوەکانەوە لەدایك بووبێ، بێ لایەنی لە تازەگەریدا وجودی نییە، تازەگەری تەعبیر لە داهێنانی نوێو سیستەمی نوێی بیرکردنەوەو داهێنانی نوێی چەمكو بەهاو ئامرازە هونەرییەکان دەکات لەڕێگەی ئەزموونو تەعبیرکردنی جیاواز، نەك باو، تازەگەری هەمیشە خۆی لە پرسیارکردنو گوماندا هەڵدەگرێتەوە، پرسیارکردن تاکە وزەی داهێنانو نوێ بوونەوەیە، تازەگەری قسەکردنی دنیایە، نەك قسەکردن لەبارەی دنیا.

جیاوازی نێوان شاعیری گەورەو شاعیری بچووك لە تەعبیرکردندایە، شاعیری گەورە کە تەعبیر لەخۆی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا تەعبیر لەسەردەمەکەی خۆیشی دەکات، بەڵام شاعیری بچووك هەرتەنها تەعبیر لەخۆی دەکات، ئەوەش ڕاستەوخۆ بەرۆشنبیرییەوە بەندە، بەو مانایەش شاعیری مەزن بە جەوهەری ژیارییەوە بەندە.

کەواتە (دانتی)و (شکسپیر)و (گۆتە) هەرتەنها سۆزو هەڵچوونو هەست نین، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی دیکەشن، کە ئەویش بە فەلسەفە ناودەبردرێ، ئەو شاعیرانە لەڕێگەی سۆزو هەڵچوونەکانیانەوە فەلسەفەی خۆشیان هەبوو، بەڵام ئەو فەلسەفەیە سیستەمێك نەبوو، وەك چۆن مەزهەبێکیش نەبوو، واتە دنیامان لەرێگەی کۆمەڵێك پەیوەندی



PDF4Kurd

لۆژیکی و عەقڵی پێشکەش ناکەن، بەڵکو لەڕێگەی درەوشانەوەو حدس و خەون، لەڕێگەی درەوشانەوەی فەلسەفەوە، وەك چۆن (هیراکلیتس) یان (نیچە) یان (هیدگەر) تێیگەیشتوون پێشکەشمان دەکەن، فەلسەفەش لێرەدا شیعرە، وەك نیچە دەڵێ درێژبوونەوەی غەریزەی ئەفسانە ئامێزە، شیعرو فەلسەفەیە، جۆرێکە لە داهێنانی ئەفسانەیی (ھ س پ ل١٧٤).

بەو مانایە شیعر فەلسەفەیە لەوەی کە هەوڵدانە بۆ کەشف کردن، یان زانینی لایەنەکانی دیکەی دنیا، یان ڕووی دیکەی شتەکان، یان لایەنە میتافیزیکەکە وەك فەلسەفە تەعبیری لێ دەکات.

فەرمانبەری ڕۆشنبیریی هەرگیز ناتوانێ ئیبداع بکات، چونکە لەباشترین حاڵەدا ئامرازی ئایدیۆلۆژیانەی ڕێکخراوەکانن، هەتا زۆربەیان ناتوانن بە شێوەیەکی ئۆرگانی لەو دامەزراوو ڕێکخراوە سیاسی و ئایدیۆلۆژیانەش خۆیان بنوێنن، کەواتە هیچ شتێکی تایبەت و جیاوازیان نییە، وەك چۆن هەرگیز غەمێکی ڕۆشنبیریی و ئیبداعیشیان لەهەگبەدا بەدی ناکرێت، ئەوەی جورئەتی ئیبداعی تیا بێ، هەمیشە مەسافەیەك لەنێوان خۆی و ڕێکخراوو دامەزراوەکاندا دروست دەکات مەسافەیەك کە بتوانێ ئازادی و سەربەخۆیی خۆی تیادا پراکتیزە بکات، ئەو مەسافەیەش لەسرووشتی ئیبداعدا خۆی دەدۆزێتەوە، هەر لە دووتوێی ئەو مەسافەیەوە نیگەرانی و دوودڵی و گومان و پرسیارەکان و ئاواتەکانی داهێنەر جوڵە دەکەن.

کەواتە تازەگەری لەرێگەی کۆمەڵێك جیاوازی، لەرێگەی کۆمەڵێك تێڕوانین و پرۆسەی سیحرئامێزو عەقڵییەوە، لەرێگەی گەڕانی بەردەوام و پرسیارو گومانەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە، نەك لەرێگەی پەرچەکردارو خۆپاراستن لەفەوتان و توانەوە، تازەگەری هەرگیز لەسەردەمی بەرگریدا





لەدایك نابێ، بەڵکو لەڕێگەی گۆڕینی ماهیەتەوە دێتە دنیا، لەڕێگەی فیکرەوە هەڵدەقووڵێ، لەڕێگەی سیستەمی دۆزینەوەوە لەدایك دەبێ.

لێرەدا دەشێ ئاماژە بەکتێبی (زمن الشعر) بکەم کە تێڕوانینێکی تازەو جیهانبینییەکی نوێیە بۆ دنیا و شتەکان، بۆ چەمکی شۆڕشگێڕو بەها مرۆڤایەتییەکان، تەماشاکردنێکی دیکەیە بۆ شیعری نوێ و کۆن، بۆ ڕۆشنبیری تەقلیدی و نوێباو، ئەدۆنیس لەم کتێبەدا ڕێچکەیەکی دیکەی بە ڕەخنەی عەرەبی بەخشی و توانی جۆرێکی دیکە بیرکردنەوە لە دووتوێی مێژووی ڕەخنەی عەرەبی دامەزرێنێ، هەر لەم کتێبەوە توانی ئەزموونی ڕەخنە لە مێژووی عەرەبیدا سەقامگیر بکات.

وەرگێڕ



PDF4Kurd

**ئەدۆنیس:**

# ئێمە هەمیشە جەستە وەك دنیایەكی كەبتكراوو بە پەراوێزكراو سەیر دەكەین، چۆن دەتوانین قسە لە تازەگەرییەكی هونەری یان شیعری بكەین؟

**((گفتوگۆیەكی تەلەفزیۆنییە))***

**(بەشی یەكەم)**

**ئەدۆنیس ((د. عەلی ئەحمەد سەعید)) یەكێكە لە شاعیرە دیارەكانی عەرەب لە سەدەی بیستەمدا شیعرەكانی لە نیشتمانی عەرەبییەوە بەرەو ئەوروپاو ولاٚتە یەكگرتووەكان هەنگاویان ناوەو بۆتە یەكێك لەوە شاعیرە عەرەبانەی كە ناوبانگی زۆری لە دنیادا پەیدا كردووە، لەسالاٚنی پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا قۆناغی تازەگەری نوێی هێنایە ناوەوەو لەسەر دەستی ئەو قەسیدەی عەرەبی برەوی سەند.**





**ئەدۆنیس لەساڵی (١٩٦٤) دەچێتە خزمەتی سەربازییەوە، چەندان جاری دیكەش قسەی لەو مەسەلەیە كردووە، پاشان بەهۆی ئینتیمای سیاسییەوە، ساڵێك بەبێ مەحكەمە زیندانی دەكرێت، ئینجا بەرەو لوبنان كۆچ دەكات‌و لەدوای خۆیدا نیشتمانێك جێدەهێڵێ كە بەهەقیقەت بۆ ئەو وەك گۆڕستانێك دەهاتە بەرچاو، پاشان لەوێ لە (لوبنان) لە دانیشگای (قەدیس یوسف) لێكۆڵینەوە لەبارەی فەلسەفەی ئەڵمانی دەخوێنێ‌و دكتۆرای دەوڵەتی لەساڵی (١٩٧٣) بەدەست دەهێنێ كە پاشان كتێبی بەناوبانگی (ستاتیك‌و دینامیك)ی لێ دەكەوێتەوە.**

**وەك چۆن ناوی ئەدۆنیس بەقەسیدەی (پەخشان)و قەسیدەی (روئیا)وە دەلكێ، بەهەمان شێوەش منداڵی بەو قەسیدەیەوە بەندە كە ئەگەر ئەو قەسیدەیە نەبایە ئەو شاعیرە گەردوونییەی لێ نەدەكەوتەوە. رەنگە هەر جوتیارێكی ساكار بووایەو لە گوندەكەی خۆی (قەسابین) زەوی كێلاٚبووایە، بەلاٚم دوای سەربەخۆیی سوریا ساڵی ١٩٤٤ (شوكری قوەتلی) سەرۆكی سوریا جەولەیەك بۆ سەردانی ناوچەكانی دەوروبەری (قەسابین) دەكات. كاتێك (عەلی ئەحمەد سەعید) بەم جەولەیە دەزانێ، بڕیار دەدا قەسیدەیەك بنووسێ بۆ ئەوەی لە بەرامبەر سەرۆكی سوریا بیخوێنێتەوە، بۆیە لە رۆژی دیاریكراوی هاتنی (قوەتلی) بۆ شاری (جەبلا)ی دەوروبەری گوندی (قەسابین) ئەدۆنیس گوندەكەی خۆیان**



PDF4Kurd

جێدەهێڵێ‌و بەپێ ڕێگا دەبڕێ، دوای ماندووبوون‌و ئازارێکی زۆر بە (جەبلا) دەگات، بەڵام بەپێڵاوێکی قوڕاوی‌و قومبازە تەڕەکەیەوە. سەرەڕای ئەوەی کە یەکێك لە پێشەوایانی ناوچەکە بەهۆی دوژمنایەتی لەگەڵ باوکیدا هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی لەو بۆنەیە دەری بکات، بەڵام سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ‌و قەسیدەکەی دەگاتە دەست سەرۆك، ئەویش زۆر پێی سەرسام دەبێ‌و پاشان بانگی دەکات‌و لە هەواڵ‌و داواکاری‌و ئاواتەکانی دەپرسێ، ئەویش پێی دەڵێت دەمەوێ فێربم، سەرۆك پەیمانی جێبەجێکردنی ئاوات‌و داواکانی پێدەدا، وەك چۆن خۆی لە خەیاڵیدا دروستی کردبوو.

قەسیدەیەك هەموو ڕێچکەکانی ژیانی دەگۆڕێ‌و وای لێدەکات زەمەن لای ئەو زەمەنی داهاتووبێت، بۆیە لێرەوە بێ سەرەتا پرسیارەکانمان دەخەینە ڕوو.

* زەمەن بەلای تۆ داهاتووە؟

– چونکە مرۆڤ پرۆژەیە، بوونەوەرێکە لە گەیشتنی بەردەوامدایە، هەمیشە دەگۆڕێ، مرۆڤ هەر تەنها مەوجودێك نییە لە ڕابردوودا، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا مەوجودێکە لە داهاتوودا، پرۆژەیەکە خودی خۆی‌و ئاواتەکانی خۆی بونیاد دەنێ.

* واتە ئەوەیە کە دەگات؟





– بەو مانایە ئەوەیە کە دەگات، بەو مانایەش زەمەن زەمەنی قوڵاییە زەمەنی وجودی بەشەری زەمەنی خەلق کردن‌و زەمەنی گۆڕان‌و زەمەنی داهاتووە.

* ئەی ڕابردوو؟

– مانای ڕابردوو بەشێکی ئۆرگانییە لە داهاتوو، ناتوانین داوای چاکبوونی داهاتوو بکەین تەنها لە ڕێگەی پرشنگەکانی ڕابردووەوە نەبێ، بەڵام ڕابردوو زۆر جیاوازە بەتایبەتی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا چونکە هەتا ململانێکانی ئێستاشمان بەمانایەك لە ماناکان هەوڵدانێکە بۆ بەموڵکردنی ڕابردوو.

* یاخود ڕابردوو ببێتە خاوەنی ئێمە...

– واتە بەردەوام دەکەوینە ژێر بەهاو ماناکانی ڕابردوو، یان ئەوەی کە بەکەلەپوور ناوی دەبەین.

ڕابردوو هەمیشە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی داهاتوو بخوێنرێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگای عەرەبیدا هەمیشە داهاتوو لەچاوی ڕابردوودا دەخوێندرێتەوە. هەر مرۆڤێك کە خاوەن پرۆژەیەکی حەقیقی بێ، بەپێچەوانەوە کاردەکات، ڕابردوو لەبەر ڕۆشنایی ئێستاو داهاتوو دەخوێنێتەوە.

* باست لە شوناس‌و کەلەپوور کردو گوتت کۆمەڵێك شت لە شوناس‌و کەلەپووردا هەیە لای عەرەب ڕۆشنایی نەخراوەتە سەر، لایەنی تاریکی زۆری تیایە..



PDF4Kurd

– من لەو بڕوایەدام ئەو ناکۆکییانەی لەسەر رابردوو لە کۆمەڵگای عەرەبیدا هەیە، رابردووو داهاتوومان لەبیر دەباتەوەو زێتریش..... ئێمە مێژووی سیاسی و ئایینیمان لەمێژووی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی زێترە، واتە مێژووی یەکەم، مێژوویەکی دیارو راستەوخۆیەو تەدوین کردنی ئاسانە، بەڵام مێژووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریمان لە کۆمەڵێك رەگەز پێکهاتووە کە زۆرجار دەگاتە پلەیەك لە ناو دژی (تناقض)، بۆیە مێژوویەکی ئاڵۆزە، نامانەوێت دراسەی بکەین.

* نامانەوێت، یان ناتوانین؟

– نامانەوێت، من لە کتێبی (ستاتیك و دینامیك) هەوڵمدا ئاماژە بەو مێژووە کەبت کراوو بەپەراوێز کراوە بدەم، چونکە وەك گوتم مێژووی ناوبراو مێژووی فرەیی و جیاوازییە، نیشتمانی جیاوازی و پێکەوە ژیانە، هاوژیانی فیکرەکان و گروهەکانە، ئەوەش کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەوێت، کە هاوڵاتیان تیایدا لە مافدا یەکسان بن، وەك چۆن لە ئەرکەکانیاندا یەکسان بن. ئەوەش بۆ خۆی چەمکەکانی تاك و تاکێتی دەخاتە لەرزەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوە هۆیەکە لە هۆیەکانی بەپەراوێزکردن و کەبتکردنی ئەو مێژووە، لەگەڵ ئەوەی کتێبی مێژووییمان هەیە، بەڵام کەس ئەو مێژووەی نەنووسیووەتەوە.





* بەرلەوەی قسە لەو شاعیرانە بکەین کە کەوتوویتە ژێر کاریگەرییانەوە، لێرە کەسایەتی (ئەنتۆن سەعادە) هەیە کە تۆ وەك ساحیرێك باسی دەکەیت، ئایا تا چەند کاری لە تۆ کردووە؟

– (ئەنتۆن سەعادە) بەلای کەمی دوو فیکرەی سەرەکی هێنا ناوەوە، جگە لە فیکرەی کۆمەڵگای مەدەنی و لێکجیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، کە خودی ئەو فیکرەیە گرنگە، چونکە کۆمەڵگای عەرەبی هەرێمێکە پڕە لە کەمایەتییەکان و گەل و رەگەزی جیاواز، ئێمە وەك گەل دەکەوینە نێو ئەتنۆلۆژی مێژووییەوە، هەموومان، عەرەب، ئاشووری، کلدان، مەسیحی...هتد. یەك تێکەڵەین، یەك گەلین هاوڵاتی یەك دەوڵەتین.

کەواتە هەر بەو بۆنەیەوە ئێمە هەرتەنها رابردوومان پێویستی بەدووبارە خوێندنەوە نییە، بەڵکو ئێستاشمان پێویستی بەدووبارە خوێندنەوە هەیە، دووەم لێرەدا کۆمەڵێك پروپاگەندەو بیرکردنەوەو تاوانبارکردن هەیە کە لە ململانێی ئایدیۆلۆژییەوە هەڵقوولاوە، هەروەك سەدەکانی رابردوو. ئەوە فیکرەی یەکەم و سەرەکی بوو، فیکرەی دووەمیش ئەدەبی و هونەرییە، ئەدەبی گەورە ئەدەبێکە کە لە پێش کۆمەڵدایە، نەك لە دواوە، ئەدەبی گەورە رۆناکی بەخشە، کەشف دەکری و بەدوای نادیاردا دەگەڕێت، واقیع بەرهەمی نەهێناوە، ئەوە فیکرەی سەرەکی و هونەری بوو، کە من لە ژیانی



PDF4Kurd

رۆشـــنبیریی خـــۆم ســـوودم لێ وەرگرتـــووە، بۆیـــە هەســـتدەکەم کاریگەرییەکی گەورەی لە بیرکردنەوەی مندا هەیە.

* لەسـەرەتادا (بـەدەوی ئەلجەبـەل)و (سـەعید عـەقل) کاریگـەرییان بەسەر تۆوە هەبوو؟

– سەرەتا من بەزمانی شیعری (سەعید عەقل)و بەو زنجیرگەلەی کە تـەواوی شـیعری عـەرەبی لـەخۆ گرتبـوو لای (بـەدەوی ئەلجەبـەل) سەرسـام بـووم، کـە شـیعرێکی (بـەدەوی ئەلجەبـەل) دەخوێنیتـەوە، وەك ئەوە وایە کە شیعری عەرەبی لەسەرەتا تـا ئێستا بخوێنیتـەوە، لەنێو زمانێکی کەسیو حەساسیەتێکی تایبەتیدا تواوەتەوە.

* پاشان راستەوخۆ بڕیارتدا ببیتـە شاعیرێکی هاوچەرخو جیاواز لەو شاعیرانە؟

– وەك بڕیـار، بڕیـار نادرێـت، بـەڵکو مـن هـەر لەسـەرەتاوە جیـاواز بـووم، لـە خـەڵكو خـوێشو گوندەکـەمو ئـەو گەنجانـەی کـە پێکـەوە دەژیـاین، هـەورەها ئـەوە لـە قوتابخانـەش لەگەڵمـدا بـوو، هـەر لەســەرتاوە خـــۆم لـــە دەرەوەی کۆمـــەڵ دەبینییـــەوە، هەرچـــەندە لەگەڵیاندا دەڕۆیشتم... بەڵام تێکەڵیان نەدەبووم.

* لێرە تێڕوانینێکی ستوونیت بەرامبەر بە کۆمەڵ هەبووە؟

– ئەگەر بشێ ئاسۆیی نەبوو.

* گـۆڕینی نـاو لـە (عـەلی ئەحمـەد سـەعید) بـۆ (ئـەدۆنیس) ئایـا یارمەتی دایت بۆ بەناوبانگ بوونت؟





– ئەوە چیرۆکی خۆی هەیە، بۆ نموونە من هەرچەندە بەناوی خۆم (عەلی ئەحمەد سەعید) دەقەکانم بۆ گۆڤارو رۆژنامەکان دەنارد، هیچ یەکێك شتێکی بۆ بڵاو نەدەکردمەوە، ئەو کات زۆر دڵگران بوومو خەمم دەخوارد. شەوێك دوای خوێندنەوەی وانەکانی قوتابخانەم، گۆڤـارێکم بینـی کـە چـیرۆکی (ئـەدۆنیس)ی تیـابوو، شـەو خوێندمـەوەو پاشـان قەسـیدەیەکم نووسـیو بـەناوی (ئـەدۆنیس) واژۆم کرد، قەسیدەکەم لەبارەی (١٩٤٨) فەلەستین بوو، رۆژنامەیەك لە لاپەڕەی یەکەمیدا بلاوی کردەوەو لەژێرەوە نووسی بووی داوا لە ئەدۆنیس دەکەین سەر لەنووسینگەی رۆژنامەکەمان بدات، چووم، بـەلام هـەتا ئـەو کـاتیش منـاڵێکی جوتیـار بـووم،. هـەر یـەکێك منـی دیبایـــە نەیـــدەگوت ئـــەو شـــیعرە، ئـــەو نووســـیویەتی، چـــوومە نووسینگەو گـوتم مـن (ئـەدۆنیس)م، کەسـی یەکـەم کـە پێشـوازی لێ کـردم بـڕوای نـەکرد، پاشـان چـوو بـۆ لای سەرنووسـەرو، بـەم جـۆرە ئەوکات ناوی (ئەدۆنیس) بەسەرمدا زاڵ بوو...

## مانا قەسیدە دیاری ناکات، مانا دەبێ کەشف بکرێت

* گۆڤاری شیعر یەکێك لە ئامانجەکانی گۆڕینی مانابوو؟

– ئەوە بەشێوە هونەرییە رووتەکـەی، لـە رۆشـنبیریی بـاوی شـیعری عەرەبیدا مانا لە پێشوودایە، شاعیر بیری لەمانا دەکردەوە، جا یان



PDF4Kurd

لەرێگەی خوێندنەوە وەری دەگرت، یان لە دابونەریتەکانی پێشوو، یان لە مێشکی خۆی دروستی دەکرد، ئینجا قەسیدەکەی بەپێی ئەو مانایە دەنووسی، واتە لە شیعری عەرەبیدا مانا یەکەم بوو، گۆڤاری شیعر بۆ ئەو مەسەلەیە شوێنی گەلاڵە کردن بوو، بەم جۆرە مانای کردە ئەوەی کە دێ، واتە مانا دەبێ کەشف بکرێ، چونکە مانا قەسیدە دیاری ناکات، ئەگەر مانا قەسیدە دیاری بکات واتە عەقڵیانە نووسراوە...

* واتە زێتر خودی بێ؟

– دەبێ خودی بێ، واتە مانا لەپێشدا نییە، بەڵکو لە دوایدا دێ، کەشف دەکرێ. لەو ئاستەدا دەق دەبێتە قابیلی خوێندنەوەی جۆراوجۆر، بۆ نموونە:

الرائی قبل الشجاعه شجعانا

یەکەم شوێنی دووەم دەگرێتەوە، مانا لەو بەیتە شیعرەی شاعیر گەورە (موتەنەبی) مانای پێشووە، موتەنەبی بەشێوەیەکی شیعری دایڕشتووە، لەبارەی مانای دواتر ئەوەی کە دێ، بۆ نموونە ئەگەر هەر موتەنەبی وەرگرین دەڵێت:

وشكيتي فقد السقام لانة
قد كان لما كان لي اعضاء
شيم االليالي ان تشكك ناقتي
صدرى بها افضى ام البيداء؟





ئەوە پێویستی بە لێبووردبوونەوەو دەرهێنانی مانا هەیە، مانا لێرەدا پێش شیعر ناکەوێت، وەك ئەبو تەمام دەڵێت:

مطر يذوب الصحو منة و بعدة
صحو يكاد من النضارة ممطر

ئەوە پێویستی بەدەرهێنان هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە، بۆ ئەوەی مانای لێ دەربهێنێ، ئەگەر تۆ ئەو بەیتە بخوێنیتەوە دەتوانی مانای جیاوزی لێ دەربهێنی.

* تۆ (موتەنەبی) و (ئەبو تەمام)ت بیر خستینەوە، ئەوان ئیبداعیان لە نووسینی قەسیدەدا کردووە؟

– داهێنان لەبەردەوامیدایە، لە کەلەپووری ئەو شاعیرە گەورانەیە، دەبێ شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە درێژە بە جوانیەکان بدات.

بۆ ئەوەی تازەگەر بین، دەبێ بەشێوەیەکی وردو بەرفراوان مەعریفەمان لەبارەی رابردووو ئیبداعەوە هەبێ، من ئەمڕۆ وەك شاعیرێك ئەگەر موتەنەبیم خۆش بوێ نابێ وەك ئەو بنووسم، بەڵکو بەشێوەیەکی جیاواز دەنووسم، تاکو زمانی شیعری عەرەبی دەوڵەمەند بکەم، بێ ئەوەی خۆمان لە رابردوو دابڕین، بەپێچەوانەوە ئێمە بەڕابردووەوە دەلکێین.

* هەوڵی گۆڕینی مانا لە گۆڤاری شیعر، جۆرێکە لە نزیك بوونەوە، یان هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ماناکانی دیکە لە کەلەپووری عەرەبیدا؟



PDF4Kurd

– هەنگاوی یەکەممان ئەوەبوو کە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شیعری عەرەبی دابمەزرێنین چونکە شیعری عەرەبی هەتا ئەمڕۆش بەپێی رۆشنبیریی باو خوێندراوەتەوە، وایان لە شیعری عەرەبی کردووە وەزیفەدار بێ، جا (غەزەل بێ، یان شتایش، یان هەجوو) هەر تەنها وەسیلەیە بۆ ئەو بابەتانە، شیعر خۆی وزەیەکی داهێنراوە، کەشفکردنی دنیاو بونیادنانی دنیایە بەڕێگەی تایبەت، ناشێ کارفرمایەك بخەینە ئەستۆی شیعر بۆیە ئێمە بەرەنگاری ئەو مەسەلەیە بووینەوەو هەموو ئایدیۆلۆژیەکانیش بەرەنگاری ئێمە بوونەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا هونەر تەنها وەك وەزیفە تەماشا دەکات، بەڵام شیعر تەنها هۆیە، ئێمە بەهای سەرەکیمان بەشیعر بەخشی، بۆئەوەی کەشفی حەقیقەت بکات..

من تەسەور ناکەم ئەوانەی کە قورئانیان لە مزگەوت و شوێنانی دیکە خەتم کردووە زمانی عەرەبی بەباشی بزانن.

* ئایا قەسیدەی شەفەوی و قەسیدەی روئیا، بەیەکێك لەو هۆیانە دەژمێردرێت کە تۆی لە گۆڤاری شیعر دابڕی؟

– بڕوا ناکەم ئەوە یەکێك بێ لە هۆیەکان، من هەستمکرد کە گۆڤاری شیعر بەخشش و حەقیقەتەکانی تەواوبووە، بۆیە دەبایە رەهەندێکی دیکە، رەهەندێکی نوێ بەبزوتنەوەی گۆڤاری شیعری ببەخشم، ئەوەش بەنسبەت من کرانەوەی زێترو زێتری کەلەپووری عەرەبی و زمانی عەرەبی بوو، خودی ئەو مەسەلەیە جیاوازی نێوان من و





ئەوانی دیکە بوو لە گۆڤاری شیعردا، دواجار ئەزموون سەپاندنی کە من لەسەر حەق بووم، بەڵام بەداخەوە لەسەرەتا ئەوان لەو پێشنیارەی من دوورکەوتنەوە، بەڵام پاشان لەڕێی ئەزموونەوە قەناعەتیان هێنا.

* ئایا تۆ لەو قۆناغەدا ویستت قەسیدەیەك لەسەر مەعریفەو فیکر دابمەزرێنی؟.

– من کە گۆڤاری شیعرم جێهێشت گۆڤاری (مواقف)م دامەزراند، تاکو رەهەندێکی دیکەی بەقەسیدە ببەخشم، رەهەندێك جیاوازبێ و جیابێ لە مەسەلە هونەرییەکان.

بەو وەسفە قەسیدە مەعریفەیەکە کەشف دەکرێ، تۆڕێکە هەموو زانیارییەکانی لە خۆگرتووە، بەم جۆرە لەناوانی قەسیدە بووینەوە، بەنووسین ناوزەدمان کرد، نووسین شوێنی قەسیدەی پەخشانی گرتووە.

* ئایا تۆ هەستت بەوە کرد کە زمانی عەرەبی لەمەترسی دایە؟

– ئێستا لە مەترسی دایە، ترسی توندی لەسەرە، ئەوەش لەلایەك پەیوەندی بە بارودۆخی ئابووری عەرەبییەوە هەیە، واتە پەیوەندی کۆمەڵگای عەرەبی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە، لەو حاڵەتەدا عەرەب پێویستی بە زمانێکی بێگانە هەیە، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، هەرچەندە من دژی ئەوە نیم، بەڵام ناشێ ئەوە لەسەر حیسابی زمانی عەرەبی بێ، چونکە گەلی زیندوو خاوەنی ئاواتی زیندووە.



PDF4Kurd

ئێستا هەست بەترسێکی گەورە لەسەر زمانی عەرەبی دەکرێت، سەرەڕای ئەو پیرانەی کە لەمزگەوت و شوێنەکانی دیکە قورئانیان خەتم کردووە، کەچی زمانی عەرەبی نازانن، ئەمڕۆ قوتابی دانیشگا هەیە ئەگەرچی دەرچووی بەشی ئادابەو زمانی عەرەبی تەواو کردووە، بەپلەی باش دەرچووە، بەڵام نازانێ قەسیدەیەك بخوێنێتەوە، چونکە من ئاگاداری بارودۆخی دانیشگام، کەواتە زمانی عەرەبی ئێستا لەناو رۆڵەکانی خۆی لە ترسێکی گەورەدایە نەك لە دەرەوە.

* ئایا سەیر نییە کاتێ کە (دیوانی شیعری عەرەبی)ت دەرکرد، ئەودەم بەدژی هاوچەرخێتی تاوانبار دەکرایت و ئێستاش بەنەیاری تازەگەری تاوانبار دەکرێیت؟

– من لەو کەسانەم کە لە جیهانێکی پڕ لە تومەتدا دەژیم، جیهانێکی پڕ لە پرۆپاگەندە بێگومان من لەوە تێدەگەم، بەڵام هەندێ جار دوژمنایەتی بچووکەو تۆمەتەکانیش لەسەر درۆ دامەزراون، با نموونەیەکت بۆ باس بکەم لە تازەترین درۆی هەڵبەستراو دژی من ئەویش ئەوەیە گوایە سەردانی مۆزەخانەی شاریقەم کردووەو لەلایەن کەسێکەوە دەستووسێکی قورئانم پێدراوەو منیش فڕێمداوەتە سەر زەوی، لەکاتێکدا من هەرگیز ئەو شوێنەم نەدیووە، سەیرکە درۆ دەگاتە چ ئاستێك، ئەوە کاری دوژمنانەی بچووکن.





* (فرانسیسکۆ گابیرلا) خۆرهەڵاتناسێکی ئیتاڵییەو دەڵێ شیعری نوێی عەرەبی سەرەڕای ئەوەی لە فۆرم و ئیلهامدا نوێباوە، سەرەڕای جیدیەتی بەبەراوردکردن بەشێوەی کۆن، بەڵام ئەگەرچی رەنگە سەرەتا کاریگەرییەکەی پۆزەتیفانە بکەوێتەوە، کەچی دواجار دوای پشکنینێکی قووڵ بەخێرایی دەردەکەوێت تەنها تەقلیدێکە کە لە شیعرییەتی شەفەوی هەڵقوڵاوەو بۆ لایەنی نەرمی شیعرییەتی عەرەبی دەگەڕێتەوە.

– هەرچۆنێ بێ پێویستە رێزی بیروڕا بگرین، بەڵام لەو بڕوایەدام کە بەهەڵەدا چووە، کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە، من لەو بڕوایەدام، تازەگەری لە کۆن کەمتر نییە، کۆن بۆ خۆی گەورەیە، پێویستی بەوە نییە بەرگری لێ بکرێ شیعری کۆن یەکێکە لە تەعبیرە گەورەکانی شیعری جیهانی.

## تەقینەوەی زمان وێرانکردنی زمان نییە

* مەبەستت لە تەقینەوەی زمان بەگشتی چ لەشیعر یان لە نووسیندا چییە؟

– تەقینەوەی زمان واتای رەتکردنەوەی دەستەواژەکان ناگەیەنێت، یان داهێنانی دەستەواژەکان، تەقینەوەی زمان واتە دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەو وشە، وشەو شتەکان هەروەها وشەو خوێنەر.



PDF4Kurd

تەقینەوەی زمان واتە نەخشەکێشان لەلایەك و دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەلایەکی دیکەوە، بۆ نموونە شاعیرێکی (میسر)ی کە ناوی (الشریف العقیل)ە لەو قەسیدەیەی کە لە چاوەڕوانی خۆشەویستییەکەیدایەو ئارەزووی دیتنی دەکات، ئەو بەیتە لە قەسیدەیەکی درێژدا سەیرکە، کە دەڵێت:

ضاقت على نواحيها فما قدرت
على اناخة في ساحاتها القبل

بەرلەوەی بڵێ چاوەکانی جوانەو ماچییان دەکەم، لە دووتوێی سەیرکردندا دنیایەکی دیکە دادەمەزرێنێ، ئەوە بۆ خۆی مەبەستی تەقینەوەی زمان دیاری دەکات، کەواتە تەقینەوەی زمان وێرانکردنی زمان نییە.

ئەگەر شاعیر خاوەنی ئەزموونێکی حەقیقی بێ، دەبێ ڕێگایەکی نوێی بۆ تەعبیر کردن هەبێت، ڕێگای نوێی دەربڕین دەلالەت لە ئەزموونی نوێی شاعیر دەکات، ئەمڕۆ شیعری زۆربەی شاعیرانی عەرەب، ئەو شیعرەیە کە تەقلیدییەت دەینووسێتەوە، نەك خاوەنەکەی...

* لەئاستی شیعری عەرەبی ئەو تەقینەوانە لەسەر حیسابی چێژی جەماوەر نییە؟

– شیعر پێویستی بەخوێنەر هەیە، ناکەوێتە بەرامبەر جەماوەرێکی گشتی و نادیار، بەو مانایەش جەماوەر گشتییەو هەمیشە





شیعرێکی دەوێ کە لەسەر ڕۆشنبیریی گشتی باو وەستابێ، ناچێتە ناو ئەزموونە کەسیی و تایبەتیەکانەوە، ڕاستە ئێمە لە کۆمەڵێك شتدا یەك دەگرینەوە، بەڵام هیچ یەکێك لە ئێمە وەك ئەویدیکە خەون نابینێ، خەونەکانمان لێکجیان، هیچ یەکێك لە ئێمە ئارەزووەکانی وەکو ئەویدیکە نییە، هەریەکەمان دنیای شیعری لەیەکتر جیاوازمان هەیە. کەواتە دنیای شیعری کە لای هەر یەکێك بە جیا دەکەوێتەوە، چۆن بەرامبەر جەماوەرێکی ناکۆکی ڕۆشنبیریی کە هەڵگری ڕۆشنبیریی جیاوازو تەقالیدی جیاوازو پەروەردەی جیاوازن دەدوێت.

* ئایا هەست ناکەیت (نزار قەبانی) شاعیرێکە ناوبانگی زێتری لەناو خەڵکدا هەیە، بەتێکشکانی دیواری نێوان شیعرو شاعیر هەڵساوە، بەڵام ئەدۆنیس سەقفی تێگەیشتنی بەرز ڕاگرتووە...؟

– نزار قەبانی شاعیرێکی گەورەیە من ڕێزم بۆی هەیە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە جەماوەری (نزار قەبانی) پەردەی شاعیرێتی شیعری ئەو بن، واتە جەماوەر کە بایەخ بە (نزار قەبانی) دەدا، لەسەر نهێنی جوانکارانەی شیعری ئەو ناوەستن، بەڵکو دەیانەوێ بزانن کە لەسەر فلان سیاسی چی گوتووەو لەبارەی ئافرەت چی دەڵێ، نزار قەبانی تەنیا لەبەر بابەتەکانی دەخوێندرێتەوە، نەك لەبەر جوانکاری شیعری، بەڵام جەماوەری حەقیقی ئەو جەماوەرەیە کە شاعیر لەبەر جوانکاری شیعری دەخوێنێتەوە، بۆ کەشفکردنی



PDF4Kurd

شیعریی، شارەزا بوون لە گۆڕەپانی ئیبداعی هونەری، نەك بۆ ئەوەی بزانن چی لەبارەی ئەو سیاسییە گوتراوە، یان چی لەبارەی ئافرەتە دەگوترێت.

* لەبەر هەندێ تۆ بەشای شەیدابوونی دادەنێت، ئەگەر شیعر شانشین بوایە بەشایی ئەو شانشینەت دادەنا؟

- من گوتم ڕێزی دەگرمو گەورەیە، بەڵام گوتم ئەو جەماوەرە پەردەیە هەتا ئێستا (نزار قەبانی) دراسەیەکی قووڵی لەسەر نەنووسراوە، واتە لەسەر مانای شیعری، نەك لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەسەریان دەنووسێ.

* ئەو تازەگەرییەی کە بانگەشەی بۆ دەکەیت، ئێستا جۆرێکە لە تەکلیف، جۆرێکە لە دروستکردن، ئەگەر شاعیرێك بیەوێ بەتازەگەری تاوانبار بکرێ، لەسەری پێویستە بۆ میتافیزیکا بگەڕێتەوە، ناوی خواکانی گریگیو پۆلینکارییەکانی بەکار بهێنێ، ئەفسانەو خورافات،.... هەتا (ئەدۆنیس)یش وەك باوکی ڕەمزی تازەگەری ڕەتدەکاتەوە.؟

- ئێمە لە قۆناغێکداین کە شیعری زۆری تیا دەنووسرێت، قۆناغێکی بەرفرەوان هەیە لە ئاسانکاری، کە لەسەر ڕۆشنبیرییەکی ئیستهلاکی دەژی.

خەڵکی هەموو هونەرمەندو گۆرانیبێژو شاعیرو....ئەو دیاردەیە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام ئێمە ئەو مەسەلەیە زۆر خراپ





تەفسیر دەکەین، کاتێ شاعیرێكو دووانو سێیانو چوار دەخوێنینەوە، نابێ لەوێوە حوکم لەسەر ئەزموونێکی گەورەی وەك تازەگەری بدەین، ئێمە لەمیانی ئەوانەوە حوکم بەسەر تازەگەریدا دەدەین، دەبێ دەرفەت بدەین، تازەگەری شیعری پێویستی بە (٥٠) ساڵ کەمتر نییە، ئەوساش هەر لەبەراییدایە، پێویستە دەرفەت بدەین، پێویستە حوکم لەسەر ئەزموونێکی دیاریکراو بدەین، نەك ئەوانەی لاسایی دەکەنەوە، بەگشتی ئێمە لە حوکم کردندا پەلە دەکەین، دەرفەت بەزەمەنو ئەزموون نادەین، وەك چۆن مێژووی گەلان پێویستی بەنەوە هەیە، ئەزموونێکی وەك تازەگەریش پێویستی بە نەوەی جۆراوجۆر هەیە، ئەزموونێکی وەك تازەگەری پێویستی بە زۆر شت هەیە تاکو کاریگەری دەربکەوێت، هەموو شتێ دژی ئەو تازەگەرییە دەبێتەوە، نابێ بە پەلە حوکمی لەسەر بدەین هەتا جێگیر نەبێ، واتە دوای ئەوەی دەچێتە نێو بونیادی ڕۆشنبیریی عەرەبیو دەبێتە بنەڕەتێك بۆ قوتابخانەو دانیشگاو دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانو دابونەریت.

* بەراشکاوی لە ئۆقیانووسەکانەوە تا کەنداو شیعر چۆن دەبینی؟.

- بێگومان قورسە، لەو حوکمدانە گشتیانە زۆر دوو دڵم، بەڵام بە پشت بەستن بە شارەزایمو زانیاریم لە بارەی شیعری عەرەبی ئێستا، هەمیشە دەڵێمو دووبارەی دەکەمەوە کە شیعری نوێی عەرەبی وەك بەرهەم هیچی لەشیعری جیهانی کەمتر نییە.



PDF4Kurd

* ئایا مەسەلەی کەنارو (پەراوێز) سێنتەر کۆتایی نەهاتووە؟.

– کۆتایی هاتووە، زۆرجار گوتوومە ئەوەی کە پێشتر سێنتەر بوو ئێستا پەراوێزە، ئەوەی پەراوێز بوو نەختە نەختە شوێنی سێنتەری گرتەوە.

## بەنسبەت من ئەگەر رۆح هەبێت لە جەستەوە دەست پێدەکات

* تا رادەیەك رەنگە تازەگەری شیعری عەرەبی بەتازەگەری شیعری خۆرئاوایی بگات، بەڵام هەتا ئێستا ناتوانین لەبارەی شتێك قسە بکەین کە پێی دەڵێن تازەگەری فیکری.؟

– ئەوە پرسیارێکی گرنگە کرۆکی گرفتەکەیە، سەپاندنی تازەگەری گرفتێکە وا لە تازەگەری شیعری دەکات کەمو کورِی تێبکەوێت، شیعری نوێ پێویستی بە رۆشنبیرییەکی نوێ هەیە، بەڵام ناتوانین بە رۆشنبیریی عەرەبی بڵێین نوێ، گەرچی بیریارو فەیلەسووفیشمان هەیە، بەڵام فیکری عەرەبی، رۆشنبیریی عەرەبی خاوەنی بنەڕەتی خۆیەتی بنەڕەتێك کە هیچ کەس ناوێرێ پرسیاری لەبارەوە بکات، بەگشتی ئەو بنەڕەتە سیاسیو ئایینییانە، هەتا ئێستا وەلانراوە، هەموو بیریارەکانیش بە پەراوێزی دەکەنو دێن ئیشکالیاتی دیکە دەخەنە ڕوو، هەوڵی خستنەڕووی ئیشکالیەتی دیکە دەدەن کە لە رۆشنبیریی





خۆرئاواییەوە وەرگیراون، یان تەنها مەسەلە سیاسیو ئایینییەکان دەخەنە ڕوو، ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە تاکو ئێستا ئێمە جورئەتی ئەوەمان نییە هیچ پرسیارێك لەو بنەڕەتانە بکەین.

* لێرەوە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ئایا تازەگەری پارچە پارچە دەکرێ؟

– نەخێر پارچە پارچە ناکرێ، بەڵام تازەگەری شیعری نەبۆتە شوێنی پرسیارکردن، چونکە ئەگەر شاعیر نەتوانێ پرسیار لە جەستەی رۆشنبیریی (نەك جەستەی شەهوات) خۆی بکات، ئەگەر شاعیر نەتوانێ تەماشای خودی خۆی وەك قەوارەیەکی تەواو جەستەیی یان فیکری بکات، ناتوانێ تازەگەر بێت.

ئێمە هەتا ئەگەر نوێش بین، بەڵام دنیایەکی تەواو هەیە، بەشێوەیەکی شیعریش جورئەت ناکەین بچینە ناویەوە، ئەویش دنیای جەستەیە، هەمیشە جەستە وەك دنیایەکی کەبتکراوو بە پەراوێز کراو سەیر دەکەین، چۆن دەتوانین قسە لە تازەگەرییەکانی هونەری، یان شیعری بکەین، بە نسبەت من ئەگەر رۆح هەبێت لە جەستەوە دەست پێدەکات.

* بۆچی بیر لە جەستە بکەینەوە، با بیر لە عەقڵ بکەینەوە، عەقڵیش ئەساسە...؟

– هەروەها عەقڵ، بۆچی مەسەلە عەقڵییەکانمان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، پێشینانمان ئازاتر بوون، ئەگەر بڕوامان



PDF4Kurd

بەرابردوو هەیە (وەك چۆن هەمیشە لە رۆژنامەو رادیۆکاندا دووبارەی دەکەینەوە)، باشە کەلەپووری ئێمە پڕە لە ئازایەتی جۆراوجۆر، پڕ لە کۆشش کردن‌و لێتوێژینەوە، بۆچی بەلای کەمی ناتوانین تەقلیدی پێشینانمان بکەینەوە هەتا پێشینانمان هەست ناکەین لاساییان دەکەینەوە.

* (موحەمەد موشتەهی شەبستەری) بیریاری ئیرانی دەڵێ: ئەگەر لە خۆرئاوا قسە لە کۆتایی مێژووی بکەین، دەبێ لای عەرەب قسە لە کۆتایی فیکر بکەین، کێ ئەو فیکرەی بە کۆتایی گەیاند؟

– ئەو پەیمانەی کە دەکەوێتە نێوان ئەوەی کە پێی دەگوترێت سیاسەت‌و ئەو تەفسیرە باوەی کە بۆ ئایین دەکرێ، تەفسیری ئایینی باو ممارسەی سیاسی باو پەیمانێکیان لەنێواندایە، یان یەك جوومگەن، ئەو جومگەیە بە بڕوای من ئەساسی هەموو ئەو شتانەیە کە ئازادی سەردەبڕێ، نایەلێت بونیادێکی فیکری‌و عەقڵی دابمەزرێنین.

* ئەگەر ئەو پەیمانەی کە دەکەوێتە نێوان سیاسەت‌و ئایین‌و شەریعەت‌و عەقڵ لە غیابی فیکردا بێ، بەشێوەیەکی لۆژیکی واتە ئێمە پێنج سەدەیە لەوێرانەییدا دەژین کە هۆکەی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە؟

– ئایین هۆی سەرەکی بووە، ناشێ مێژووی گەورەو دوورو درێژی عەرەب لە یەك هۆدا کورت بکەینەوە، بەلاّم من لەو بڕوایەدام کە





یەکێك لە هۆیە سەرەکیەکان بێ، ئەو هۆیە وا لە کاری فیکری دەکات کە نەبێتە شوێنی لێتوێژینەوەو پرسیارکردن، بەڵکو وای لێ دەکات بەتاوان هەڵسێ‌و واتە بیریار وەك تاوانبار کار دەکات، ئەوە شتێکە تەنها لە چەرخی ناوەڕاستدا نەبێ وجودی نییە، بەلاّم هەتا ئێستاش لەلای ئێمە جێگیرە.

من لەو بڕوایەدام کە سانسۆر بەشێکی ئۆرگانی رۆشنبیریی عەرەبییە، هەرچۆنێ بێ مەحاڵە بتوانین وەلای بنێین، چونکە بونیادی ئەساسی رۆشنبیریی عەرەبی بونیادێکی سانسۆر ئامێزە، فرەیی تیا بەدی ناکرێ، بەڵکو هەمیشە لەسەر تاك‌و تاکگەرایی وەستاوە.

* کەوابوو لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکدا لەنێوان ئایین‌و سیاسەت هاوپەیمانێتی هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی عەقڵ‌و ئیبداع؟

– ئەوە لە چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا هەبووە.

* ئایا ناکرێ خەون بەرێکەوتنی نێوان عەقڵ‌و ئایین، عەقڵ‌و سیاسەتەوە ببینین؟.

– بۆ نا، گەورەترین شت لەو بارەیەوە (ئیبن رۆشد) پێشکەشی کردووین، لە ئەوروپا ئەو بە تێکدەری فیکری ئەوروپی دەژمێردراو لە زانکۆکاندا رێگا بە خوێندنەوەی نووسینەکانی نەدەدرا، ئەوکات کاریگەری لەسەر زۆر لەبیریاران هەبوو.



PDF4Kurd

بەلاّم ئێمە (ئیبن روشد)مان قبوولّ نەدەکرد، هەروەك (ئیبن خەلدون) ئیبن خەلدون رێکەوتنی نێوان عەقلّو ئایینی چارەسەر کردو گوتی ئەگەر هەموو دەقە ئایینییەکانو ئایەتە قورئانییەکان بەشێوەیەکی عەقلاّنی تەئویل بکرێ (بەپێی ئەو مەرجانەی کە ئەو بۆی داناوە) ئەوە هەرگیز ئایین پێچەوانەی عەقلّ ناکەوێتەوە، کەوابوو عەقلّ بەلایەوە بناغە بوو، نەك دەق.

لێرەوە (ئیبن روشد) ئەوەندەی لەنێو فیکری ئەوروپا زیندووە، هێندە لە فیکری ئیسلامی زیندوو نییە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی عەقلاّنیەتی ئەوروپی.

## چینێك لە قسەکردنی ئایدیۆلۆژیانە هەیە پێویستە خۆمانی لێ رزگار بکەین

* ئایا نەبوونی ئازادی، یان ونبوونی ئازادی تەگەرەیە لەپێش ئیبداعدا؟

– زۆرجاران ئازادیەکی زۆر بۆ خۆی دەبێتە تەگەرە، هەندێ جار ئیبداعی فیکریو هونەری پێویستی بە کۆتو بەند هەیەو نەك ئازادی.

مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیەو چونکە بونیادی رۆشنبیرییو سیاسی لە بنەڕەتدا نابێ لەسەر تاکگەراییو تاك نەسەقیو یەك سیستەمی وەستابێ، بەڵکو لەبنەڕەتدا پێویستە لەسەر رەگەزی جۆراوجۆر کاربکات.





* تۆ گوتت دەسەلاّت زێتر لە دەق دەترسێ، نەك مردن، ئایا ئەو دەسەلاّتەی کە زێتر لەدەق دەترسێ نەك مردن، چۆن دەکرێ بچێتە هاوپەیمانێتیو ئاشتییەوە؟

– ناشێ مەحاڵە هەر دەبێ سانسۆر هەبێ، ئەوەش وەك لەبەراییدا ئاماژەم بۆکرد جۆرێکە لە موعجیزە، سیستەمی عەرەبی چاوەڕێی ئەو مەعجیزەیەی لێ ناکرێ، هۆشیار بێو سانسۆر رەتبکاتەوە، ئەگەر گەیشتە ئەو موعجیزەیە واتە هەنگاوێکی سەرەکیمان بڕیووە، من هەندێ جار رەخنە بە زیندووکەرەوە دەزانم بۆ هەر سیستەمێك، نەك شکۆدار کردنو بەرز ڕاگرتنی بەردەوام، پیاهەڵگوتنی بەردەوام، سیستەمی وەستاوو سیاسەتی وەستاو پەردەپۆش دەکات، دەیخاتە دووتوێی سندوقێکی ئاسنینەوە، بەلاّم رەخنە دەیهێنێتە دەرەوە، دەیخاتە بەر رۆشنایی، وای لێدەکات ببێتە بەشێك لە رۆشنبیریی رۆژانەو قابیلی گفتوگۆکردنو ئاسۆیەکی نوێی بۆ دەکاتەوەو گەشەی پێدەداو ئازادی راستەقینە تەنیا بە ئازادی راستەقینە دەکرێ رووبەڕووی ببینەوە، سانسۆر هیچ شتێ بە دەستەوە نادات، بەنسبەت سیستەم ترسناکترە، نەك ئەو تاکانەی لەژێر چاودێریدان.

* ئایا دەشێ بڵێین ئازادی هەیە، چ لە راگەیاندن...؟

– بەلای کەمی تۆ وەك من دەزانی لە ولاّتی عەرەبیدا ئازادی نییە، سەرەڕای ئەوەی گۆرانی زۆری پیا هەڵدەگوترێ، لێرە تەنها



PDF4Kurd

قسەکردن لەبارەی ئازادییەوە هەیە، چینێك یان سەقفێك لە قسەکردنی ئایدیۆلۆژیانە هەیە، کە پێویستە خۆمانی لێ رزگار بکەین، لەولاّتانی عەرەبیدا قسە لەسەر دیموکراسیەت دەکرێ، بەلاّم کێ دەیکات، سیستەمێکی جێگیر لەسەر تاکگەرایی قسە لە دیموکراسیەت دەکات، قسە لەدەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو دەکات، کەچی تۆ ناتوانیت لەولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی دیکە سەفەر بکەیت، بەلاّم ئەوروپا وێڕای جیاوازی نەتەوەیی و جیاوازی رۆشنبیریی و زمان، ئەگەرچی بێگانەشی کەچی بەکارتی ئیقامە دەتوانی بۆ هەموو شوێنێ بچیت، بەلاّم تۆ وەك عەرەب لە نیشتمانی عەرەبیداو لەنێو نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبیدا ناتوانی لە ولاّتێك بۆ ولاّتێکی دیکە بچیت، ئەو چینە لوغز ئامێزو ئایدیۆلۆژییە، پێویستە بە تەواوی لێیان رزگاربین.

* تۆ یەکێکی لەو بانگەشەکەرانەی کە دەیانەوێت ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە واتە ئایین ببێتە مەسەلەیەکی کەسی، ئایا تۆ پێتوایە بونیادی کۆمەلاّیەتی و ویژدانی عەرەب، توانای وەرگرتنی ئەو بانگەشەیەی هەبێ؟

– دەقی قورئانی وەك دەق بوونی بەقەد ئەوەی بۆ لێکدانەوەی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ خۆی ناگەڕێتەوە، ئەمڕۆ دەق لە خوێندنەوەی جۆراوجۆردایە، بەلاّم پێویستە بزانین خوێندنەوەی باو چییە، تۆ دەزانی و هەموو دەزانن کە دەق هەرچەندە مەزن بێ





کاتێ بە عەقڵێکی بچووکدا گوزەر دەکات بەپێی ئەو عەقڵە بچووك دەبێتەوە، دەقی قورئانی دەقێکی مەزنە، لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا گەورەترین دەقە، بەلاّم بۆئەوەی تێبگەین هەر دەبێ رۆشنبیرییەکی گەورەمان هەبێ، ناشێ بۆ تێگەیشتنی دەقی قورئانی تەنها پشت بە فەقیهەکان ببەستین، پێویستە هاوەڵی بکەین، بکەوینە بەراییەوە، پێشبکەوین، چونکە دەقی قورئانی رۆشنبیرییەکی گشتییە، رۆشنبیرییەکی نوێیە بە هەموو ماناکانیەوە، زانیاری و فەلسەفەو هونەری تیایە، کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ موسڵمان پەردەپۆشی دەکا نەزانینە، نەزانینێکی تەواو، ئەوانن گەمارۆی قورئان دەدەن، ئێستا دەقی قورئانی گەمارۆدراوە، هەروەك لەنێو ژیانی عەرەبیدا ئیستعمارێك هەبێ و لەرووی سیاسییەوە رێگا بە ئازادی نەدات لەرووی ئاینیشدا دەستی بەسەر دەقدا گرتبێ، وەك چۆن دەقی ئایینی موڵکی کەس و گرووهێکی دیاریکراو بێ، بەلاّم من سەیرم پێدێ، چۆن دەتوانین وا سەیری دەقی قورئانی بکەین، لەدەقی قورئانیدا خوا بۆ خۆی گوێی بۆ شەیتان گرتووە، هەر هێندەش نا، بەڵکو قسەکانی لە قورئاندا جێگیر کردووە، کەواتە ئەگەرچی خوا گوێ لەشەیتان بگرێ، ئەوانەی کە دەیانەوێت دەقی قورئانی بۆ دەقێکی شەرعی و فیقهی بەرن، با گوێ بۆ هەموو ئەوانی دیکە بگرن، ئەگەرچی کوفریش بێ، دەبێ گوێیان بۆ بگرن، چونکە ئەوە دەق مەزن دەکات زیندووی دەکاتەوەو زێتر دەوڵەمەندی دەکات و

زێتر کاریگەری دەکات، بەڵام ئەگەر جێمانهێشت و ڕێگامان نەدا جگە لە خۆمان قسەی لەسەر بکات، کەواتە ئێمە ئەو دەقە دەکوژین.

- پێویستە ئیبداع و هەموو ئەو شتانەی بە ئیبداعەوە پەیوەستن بەشێکی سەرەکی قەوارەی دەوڵەت بێ.

## سیاسی بە ئازادی مەزن دەبێ کە دەیداتە دوژمنەکەی و بەسەرکوتکردن و زیندانی کردنی بچووك دەبێتەوە

(بەشی دووەم)

ئەدۆنیس لەساڵی (١٩٥٦) یەکەمین شیعری خۆی لەڕێگەی گۆڤاری (ئاداب) دەخاتە بەردەستی خوێنەرانەوە یەکێکیش لە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەوکاتی (قالت الارض) بوو، کە لەساڵی (١٩٤٩) لەدوای لەسێدارەدانی (ئەنتۆن سەعادە) لە بەیروت نووسی، بەڵام لەساڵی (١٩٥٤) لەدوای نووسینی قەسیدەی (الفراغ) سیماکانی شیعری ئەو بەدەرکەوت، ئینجا دوای قەسیدەی (البحث و الرماد) لە ساڵی (١٩٥٧) و قەسیدەکانی دواتری چەمکێکی نوێی بۆ مرۆڤ و دنیا دامەزراند، کە دواجار بە کۆمەڵە شیعری (مهیار الدمشقی)دا





گوزەری کرد، پاشان (زمن الشعر) کە لەساڵی (١٩٧٢) بڵاوی کردەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی مێژووی عەرەبیدا ڕێچکەیەك بوو.

ساڵی (١٩٧٦) بەهۆی شەڕی ناوخۆ (بەیروت)ی بەجێهێشت، وەك ئوستادی مێوان لە دانیشگای (سۆربۆن) لە کۆلیژی (دوفرانس) هەروەها وەك نێراوێکی داواکراو لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە زانکۆی عەرەبی لە (یونسکۆ) مایەوە، پاشان شەش ساڵ لەزانکۆی (جنێن) درێژەی پێدا.

* خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی (ژاك بێرك) کە جوانترین تەرجەمەی مانای قورئانی بۆ سەر زمانی فەرەنسی کردووە، هەروەها (بەیتە هەڵواسراوەکان) و کۆمەڵێك شیعری تۆیشی لەژێر ناونیشانی (شموس ثانیة) وەرگێڕاوە، ئایا بە یەکگەیشتنیتان چۆن بوو؟

- ئەو بە دوای بەرهەمی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا دەگەڕا، بەتایبەتی بەرهەمی نەوەی نوێو سەرەڕای ئەوەش بایەخی بە بەرهەمە کلاسیکییەکانی وەك (طه حسین) و ئەوانی دیکە دەدا، زمانی عەرەبی جوان دەزانێ، من وەك نهێنییەك دەمگوت ڕەنگە دەستی نووسینی شیعری هەبێت، پاشان هەندێ قەسیدەی نووسی بوو نیشانی منی دا.

* شیعری عەرەبی....؟

- نەخێر فەرەنسی، بەڵام شیعرێکی بڵاونەکردۆتەوە، من شیعری ئەوم خوێندۆتەوە، هەروەها زمانی ئەو هەتا لە لێکۆڵینەوەی



PDF4Kurd

سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانیشدا زمانێکە بە شیعرییەت و هەستی شیعری رازاوەتەوە، زمانی تەرجەمەکردنی قورئانیشی لە ئاستێکی بەرزدایە، لە تەرجەمەی ئەو کۆمەڵەیەش بێ ئەوەی پشت بەو زمانە بەرزەی خۆی ببەستێ، تەرجەمەی کرد، بەڵام هەندێ جار پرسیاری لێ دەکردم، ئێمە لە ژیانی ئاسایی وەك دوو هاوڕێ لێك نزیکین.

* تۆ لەرێگەی شارەزایی و لێکۆڵینەوەو بیروڕای خۆت دەزانی کێ وای لە رۆشنبیری خۆرئاوایی کرد کە زێتر بایەخ بە رۆشنبیریی ئاسایی، یان گریکی بدرێ نەك رۆشنبیریی عەرەبی؟

– واهەست دەکەم ئەو حوکمە تۆزێ گشتییە، چونکە بایەخدان بە رۆشنبیریی عەرەبی لەئاستێکی بەرزدایە، ئەوەش کۆنە..

* وەك رەمزی رۆشنبیریی عەرەبی...؟

– هەر لەکۆنەوە ئیبن روشد، ئیبن سینا، بەیتە هەڵوەسراوەکان، سەرەڕای ئەدەبی نوێ، بایەخی زۆر لەلایەن فەرەنسی و ئەڵمانییەکان بەتایبەت هەیە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا یەکێك لە خۆرهەڵاتناسەکان (بورگمان) کتێبێکی لەسەر مێژووی ئەدەبی عەرەبی نووسیووە کە عەرەب بەهیچ شێوەیەك بەو جۆرەیان نەنووسیووە.

* تۆ لە (ڤانتۆڤا)ی ئیتاڵیا گوتت خۆرئاوا وەك کۆشکێك بۆ بۆچوونە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی سەیری وڵاتانی عەرەبی دەکات، نەك ژیارییەك کە (٥) سەدە مێژوویەتی..؟





– هەمیشە ئەوە دەڵێم، چونکە ئەوروپا، خۆرئاوا بەگشتی ناشێ وەك گشتێك سەیر بکەین و لەوێوە حوکمی لەسەر بدەین، چونکە خۆرئاوا چەند جۆرێکە وەك چۆن لای ئێمە وڵاتانی عەرەبی چەند جۆرێکن، لێرە خۆرئاوایی عەسکەری و سیاسی و ئابووری هەیە، وەك چۆن خۆرئاوایی رۆشنبیریش هەیە، کاتێك رەخنە لەخۆرئاوا دەگرین، رەخنە لە خۆرئاوایی عەسکەری و ئابووری دەگرین، ئەو خۆرئاوا سیاسی و عەسکەری و ئابوورییەی کە دەرفەتێکی بەرفراوانی هەیە، لای عەرەب رەخنەی لێ دەگیرێ، ئەو نە عەرەب دەناسێ، نە پێوەی پەیوەستەو نە بایەخ بە رۆشنبیریی عەرەبی دەدات، هەر بەم بۆنەیەوە هیوادارم سیاسی و ئابووری و عەسکەری عەرەب وەك خۆی گرنگی بەو رەهەندەی خۆرئاوا بدەن لەلای خۆرئاواییەکان، کە ببێتە هۆی گرنگیدان بە رۆشنبیریی عەرەبی، تا عەرەب بگاتە ئەو دەرەنجامە سەرەکییەی کە ئابووری و عەسکەری و سیاسی بەشێکە لە رۆشنبیریی، نەك بە پێچەوانەوە.

بەداخەوە عەرەب هەموو شتێك بە بەشێك لە سیاسی دادەنێن، هەر سیستەمێك وەردەگریت، چ شانشینی بێ وەك لە (مەغریب) هەیەو یان شۆڕشگێڕێکی بێ وەك لە (مەشریق)، یان حاڵەتە ناوەندییەکە، سیاسەت لایان هەموو شتێکەو رۆشنبیریی وەزیفەی ئەو سیاسەتەیە، لە خزمەتکردنیدایە، چۆن بەرەو باشی بچین، بۆیە من لۆمەی رۆشنبیران دەکەم.



PDF4Kurd

* ئایا لێرەدا دەتوانین بڵێین، یان وامەزندە بکەین رۆژێك لە رۆژان رۆشنبیری عەرەبی لەناودەچێ، وەك چۆن گەلانی دیکە هەبوون لەناوچوون؟

– ئەو هەستە هەر تەنها لای خۆرئاواییەکان نییە، بەڵکو لای هەندێ عەرەبیش هەیە، ئەگەر عەرەب لەسەر ئەوەی کە لەسەری دەژین هەر بەردەوام بن، سیاسەت‌و سیستەمی سیاسی بەهەموو شتێ بزانن، هەموو شتێ لە خزمەتی سیستەم‌و سیاسەتەکەی دابێ، بڕوایان بە گرنگی ئیبداع وەك پێویست نەبێ. گەلی بێ ئیبداع گەلێکی لەناوچووە، نە ئابووری، نەسیاسی، نە سیستەم ئەگەر شوناسی خۆی نەپارێزی، ئەوەی شوناسی میللەتیش دەپارێزێ ئیبداعە، پێویستە ئیبداع‌و هەموو ئەو شتانەی بە ئیبداعەوە پەیوەستن بەشێکی سەرەکی قەوارەی دەوڵەت بێ، نەك رۆشنبیریی وەزیفە بێ، بەڵکو دەبێ رۆشنبیریی وەك نان بێ، وەك چۆن جەستە پێویستی بەنان هەیە، عەقڵ پێویستی بە کتێب‌و رۆشنبیریی هەیە، بێ ئەو هۆشیارییە عەرەب بەرەو لەناوچوون دەچێ، من ئەو قسەیە دەکەم، نەك خۆرئاواییەکان.

## گۆڕێك بۆ نیویۆرك

* لەساڵی (١٩٧١) قەسیدەیەکت نووسی بەناونیشانی (قبر من اجل نیویورك) تیایە رادەگەینێت کە شار کەوتۆتە نێو ئاگرەوە، ئایا ئەو قەسیدەیە پێشبینی رووداوی (١١) سێپتەمبەر بوو؟





– نازانم، من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە پێشبینیکەرم، بەڵکو هەستمدەکرد ئەو شارە کە رەمزی پێشکەوتنی دنیای نوێیە، لایەنێکی دیکەی هەیەو یان رەمزێکی دیکەی هەیە ئەویش رەمزی زوڵم‌و زۆرداریییە، بەقەد ئەوەی ئەو شارەم خۆشدەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا رەتمکردۆتەوە، بەنسبەت من دوولایەنی هەبوو، لەلایەك بەهەشتە‌و لەلای دووەم دۆزەخ، بۆیە کاتێ گوتم (سوف تهب الرياح من الشرق وتهدم ناطحات السحاب) کەشفی شۆڕشەکان‌و گەلان لەبەرامبەر زوڵم‌و زۆرداری بکەم کە شاری نیویۆرك رابەرایەتیان دەکات، نەخێر پێشبینی ئەوەم نەدەکرد.

* ئایا لەنێو هاوڕێکانت دووچاری شەرمەزاری نەبوویت، ئەوانەی کە ئاگادارن؟

– بەپێچەوانەوە، لەکاتی روودانی (١١) سێپتەمبەر، بۆ رۆژی دوای وتارێك لەسەر قەسیدەکەم لە گۆڤارێکی ئەمریکی لە (لوس انجلس) دابەزی، رەخنەگری ئەمریکی تیایدا دەڵێ: ئەدۆنیس پێشبینی ئەو رووداوەی کردووە.. بەڵام لەلایەکی دیکە من نەمدەزانی ئەوەم لەقەسیدەکەمدا گوتووە، من قەسیدەم لەبیرچووبۆوە.

* بەڵام لە ساتەوەختی روودانەکە، ئایا ئەوەت تەواو بە دوور نەدەزانی کە جێبەجێکەری عەرەب بێ؟

– من لەو باوەڕەدا دوو شت لێکجیا دەکەمەوە، ئەویش تاکی عەرەبی‌و دامەزراوەکانی عەرەبییە وەکو دامەزراو، من لەو بڕوایەدام



PDF4Kurd

کە دامەزراوە عەرەبییەکان لەهەموو دامەزراوێك دواکەوتووترن، هەتا دامەزراوە ئەفریقییەکان زۆر لە دامەزراوە عەرەبییەکان پێشکەوتووترن.

* بەڵگەت چییە؟

– بەڵگەم، تۆ بۆ هەر شارێك دەچیت نە قوتابخانەی باش، نە زانکۆیەکی باش، هەتا شارەوانییەك نابینی کە بەشێوەیەکی باش شەقامەکان پاك بکاتەوە، لەسەر ئاستی دامەزراوە، کۆمەڵگای عەرەبی دواکەوتووە، بەرامبەر ئەوەش ئەگەر عەرەب وەك تاك وەرگرین دەبینی لە زۆربەی مەیدانەکاندا سەرکەوتوون، بەڵام ئەو تاکانە لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەژین، لەوێ دامەزراوەکان ڕێگا بەو تاکانە دەدەن کە بەئازادی شارەزایی و بلیمەتی خۆیان بەکار بخەن، ممارسەی ئیبداعی خۆیان بەئازادی بکەن، من دواکەوتنی دامەزراوەکان بۆ ئەو هاوجومگەیی (هاوپەیمانێتی) بوونە دەگێڕمەوە کە لەبەشی یەکەم قسەمان لەسەر کرد، کەواتە لەسەر ئاستی تاك دەشێ دوور نییە تاکی عەرەبی کارامەو گەورەو بلیمەتن.

* باشە بەو هەموو وردەکارییەوە...؟

– بەڵێ بلیمەتن، گومانی تێدا نییە، چونکە من دەیانناسم، نموونەی زۆریان وەك تاك دەناسم بۆ نموونە وەك تاك بلیمەتمان هەیە.





ئەو شتە جوانەی کە من لە ڕووداوی (١١) سێپتەمبەر دیمو لێرە قسەی لەسەر دەکەم ئەوەیە کە ساڵی رابردوو ئێوارەیەکی مۆسیقی لە (بەرلین) بۆ مۆسیقاری گەورە (لیکێتی) کە زۆر ناسراوەو ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵێك بیریارو شاعیری ئەڵمانی دابووین، قسە لەسەر زۆر شت لە بارەی (١١) سێپتەمبەر کرا، بەڵام من قسەم لەسەر شتێکی دیکە کرد، لەنێو هونەرمەندان باسی دیمەنەکەم کرد، کاتێ ئەو دیمەنە دەبینی بەشێوەیەك جوان بوو کە عەقڵ قبووڵی ناکات، ڕووداوێکی وا جوانم بەو شێوەیە نەدیووە، من ئەوەم گوت، گوتیان ئەو قسەیە مەکە، چونکە مۆسیقاری گەورەی ئەڵمانی (شتوکهاوزن) لە ڤیسڤاڵێکدا ئەوەی گوتووەو ڤیستیڤاڵیش موقاتەعەی کردووە، بەڵام من ئەو شتەم نەدەزانی.

* بەڵام ئێمە لەنێوان خۆمان هەست بەوە دەکەین..؟

– بەڵام من سەرکۆنەی ئەو شتە دەکەم، من ڕەتیدەکەمەوە، لەبەر زۆر هۆ، دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە بەرامبەر خۆرئاوا بوەستین، ئەو وەسیلەیە ئێمە کەرەسەکانیمان دانەهێناوە، دەبێ بەکەرەسەیەك بەرامبەری بوەستین کە بۆ خۆمان دامان هێناوەو دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین.

* بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، ئەو هەموو وردەکاری و گەورەییە، دەشێ بەرلەوەی لەوێرانکردن و لە هێرشکردندا بەکاری بهێنین، دەتوانین لە بونیادنانەوەدا سوودی لێ وەرگرین..؟



PDF4Kurd

– دەشـێ، ئـەوەش بـۆ تـاکێتی دەگەڕێتـەوە، تـاکی عـەرەبی تـەنها لەچوارچـێوەی سیسـتەمێکی چەسـپاوو جـێگیر نـەبێ ڕێگـای پێنادرێ، پێویستە عەرەب بەگشتی و سیستەمی عەرەبی بەتایبەت تێبگـات کـە سیسـتەم تـەعبیر لـەکۆی وزەی کۆمـەڵگا دەکـات، نـەك لەیەك هێز لەژێر هەموو هێزەکاندا ئەگەر سیستەمی عەرەبی نەگاتە ئەو ئاستە وەك چۆن لە خۆرئاوادایە. هەر لـەژێر سیتەمێکی تاکیدا دەمێنینەوە، هەر وزەکانمان کەبت دەکرێ.

## کتێبەکانی ئەدۆنیس

لێکۆڵینەوە:

١– مقدمة للشعر العربی–بەیروت چاپی یەکەم (١٠٧١).

٢– زمن الشعر العربی– بەیروت چاپییەکەم (١٩٧٢).

٣– الثابت والمتحول– بحث فی الاتباع والابداع عند العرب.

أ– الاصول (١٩٧٤).

ب– تأصيل الاصول (١٠٧٤).

ج– صدمة الحداثة (١٩٧٨).

٤– فاتحة لنهايات القرن– بەیروت چاپی یەکەم (١٩٨٠).

٥– سیاسـة الشـعر– دراسـات فـی الشـعرية العربيـة المعاصـرة– بەیروت چاپی یەکەم (١٩٨٥).

٦– الشعرية العربية– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٨٥).





٧– كلام البدايات– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٨٩).

٨– الصوفية و السوريالية– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٩٢).

٩– النظام و الكلام– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٩٣).

١٠– النص القرأني و افاق الكتابة– بەیروت (١٩٩٣).

شیعر:

١– قالت الارض– دیمەشق (١٩٥٤).

٢– قصائد اولى– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٥٧).

٣– اوراق في الريح– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٥٨).

٤– اغانی مهيار الدمشقي– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٦١).

٥– كتاب التحولات والهجرة في اقاليم النهار والليل– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٦٥).

٦– المسرح و المرايا، بەیروت (١٩٦٨).

٧– وقت بين الرماد و الورد– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٧٠).

٨– مفرد بصيغة الجمع– بەیروت– چاپی یەکەم (١٩٧٥).

٩– كتاب القصائد الخمس– بەیروت، چاپی یەکەم (١٩٧٩).

١٠– المطابقات و الاوائل– بەیروت، چاپی یەکەم، (١٩٥٨).

١١– شـهوة تتقـدم في خـرائط المـادة، دار توبقـال للنشـر، المغـرب، (١٩٨٦).

١٢– هذا هو اسمي– بەیروت، چاپی یەکەم (١٩٨٨).



PDF4Kurd

**١٣- احتفاء بالاشياء الواضحة و الغامضة، بەیروت، چاپی یەکەم، (١٩٨٨).**

**١٤- الجدية ثانية، بەیروت (١٩٩٤).**

**١٥- الكتاب: امس المكان الان- بەیروت، (١٩٩٥).**

*** پەیوەندی ڕۆشنبیرانی خۆرئاوا لەگەڵ یەکتردا چۆن دەکەوێتەوە؟**

**- ئەو پرسیارە جوانە، هەڵبەتە کۆمەڵێك ناکۆکی هەیە، کۆمەڵێك گروپ هەیە کە هەندێکیان پەیوەندییان بەیەکەوەیە، ناکۆکی گەورەش لەنێوان هەندێکیان هەیە، بەڵام هەڵوێستی ئەدەبی و هەڵوێستی سیاسی زۆر جوان لەیەك جیا دەکەنەوە، ئەو دوو هەڵوێستە تێکەڵ بەیەکتر ناکەن، واتە بەگشتی لەسەر ئاستی ئەخلاق یەکتر تاوانبار ناکەن، یان تاوانی ئەخلاقی نادەنە پاڵ یەکتر، وەك چۆن لای ئێمە باوە، ڕۆشنبیرانی (مەغریب) یەکتر بە سیخوڕو گرێگرتە... هتد تاوانبار دەکەن، بەڵام ئەوان حوکم لەسەر دەق دەدەن، بەهیچ جۆرێك قسە لەسەر ڕەفتاری کەسەکان ناکەن، چونکە هەموو کەسێك لە ڕەفتار ئازادە.**

*** ئایا واتە ئەوان لە ئێمە عەقلانیترن؟**

**- بەڵێ، عەقلانیترو ئەخلاقیترن، بابەتیانە حوکم لەسەر شتەکان دەدەن، بۆ نموونە ئەگەر تۆ دژی بیروڕایەکی سیاسی بووی، ئەوە بەهیچ جۆرێ کارناکاتە سەرهەڵسەنگاندنی دەقەکانی تۆ، نموونەیەك دەهێنمەوە (فیرنۆل) کە لەگەڵ نازییەکاندا بوو، بەڵام بەهیچ جۆرێك پێی ناڵێن تۆ نووسەرێکی گەورە نیت، یان ئەگەر شاعیرێك بە شاعیرێکی دیکە کاریگەر بێ نکوڵی لەو مەسەلەیەدا ناکات، بەڵام لای ئێمەی عەرەب شاعیرێك دێ دێر بەدێر، وشە بە وشە وەرتدەگرێ، بەڵام بەکەم قسەی جنێودانە بە تۆ.**





## پەیوەندی ئەدۆنیس و ڕۆشنبیران

**ئەدۆنیس کۆمەڵێك خەڵاتی بەرزی لە شیعر بە دەست هێناوە، وەك خەڵاتی (اصدقاء الكتاب) لە لوبنان. ساڵی ١٩٧٣ خەڵاتی (ندوى العالم لكتب الشعر) لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٧١)، خەڵاتی (شعر دولية كبرى) لە بەلجیکا ساڵی (١٩٨٦)، خەڵاتی نازم حیکمەت ((الدولية للشعر)) ساڵی ١٩٩٥ لە تورکیا. خەڵاتی (تۆلینۆی) ئیتالی ١٩٩٩، خەڵاتی (تاج الذهبی) لە مەکدۆنیا ساڵی ١٩٩٧، پاشان خەڵاتی (گۆتی) ساڵی ٢٠٠٠ پاشان خەڵاتی (ئالان بوسکی) هەروەها پیشانگای دنیای عەرەب لە پاریس وەك ڕێزلێنان پێشانگایەکی بۆ بەرهەمەکانی کردۆتەوە.**

***تۆ بۆچوونێکی جیاوازت لە بارەی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، تۆ وەك جیهانبینیەکی ڕەخنەی گۆڕانکارانە دەیبینی، وەك چۆن لێرە لە**



PDF4Kurd

دونیای عەرەب وەزیفەییە ئایا دەتوانی قسەی زێترمان لە بارەوە بۆ بکەیت؟

– نووسین لە رۆشنبیریی عەرەبیدا وەك لە پێشوودا گووتم، یان سەلەفییە، یان وەرگێرانە، بەلاٌم لێرە نووسینی دیکە هەیە کە سیاسی و ئایدۆلۆژیە، بۆ نموونە چەپ نوسینی خۆیان هەیە، راست هەیانە، بەلاٌم هەموو ئەو نووسینانە لە بنەڕەتێکەوە هەڵدەقولێن، واتە چەپ لە بنەڕەتە ئایدۆلۆژیە مارکسی و ئەوانیدیکەوە هەڵدەقولیٚ، راست لە بنەڕەتە لیبڕالیەکان...

بەلاٌم هیچ یەکێك لەوانە مادەی ئەساسی وەرناگرن کە لەسەر کەلەپور وەستاوە، مادەی فیکری عەرەبی، فیکری ئیسلامی، بۆ نموونە کە لە بارەی مەعریفیەوە قسە لە مەسەلەی سروش(وحی) ناکەن، عەرەب ملیۆنێك و سیٚسەد هەزار موسڵمانە، بەلاٌم هیچ یەکێك پرسیارێکی مەعریفی (بە مانا فەلسەفیەکەی) لە بارەی ئەو سروشتە نەکردووە، کە ئەو مرۆڤانە دەیڵێن، هیچ کەسێك پرسیارێکی فەلسەفی لە بارەی (نبوئەت) نەکردووە، هیچ کەسێك پرسیارێکی قولّی لە بارەی بۆچی دامەزراوە عەرەبیەکان لەگەڵ هەموو جیاوازیەکانیاندا هەر لە شانیشینی و دیموکراسی وشۆڕشگێری...، کەچی لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە ئەو خاڵەش هاوپەیمانێتی و پشت بەستنە بە ئایین. هەموو لە پەیوەندیان لەگەڵ مەسەلە ئاینیەکان وەك ئەوەیە کە یەك سیستەم





بن، بۆ نموونە لە بەیروت کتێبێکی نویٚ لە لەسەر مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای عەرەبی دەرچوو، هەڵبەتە ئەو کتێبانە باس لە شکۆداری ئیسلام و مافی مرۆڤ لەناو ئیسلامدا دەکەن، بەلاٌم لێرەدا پرسیارێك نابینی کە لە بارەی خوێندنەوەی ئافرەت لە دووتوێی قورئاندا بکریٚ، لە دەقی قورئانی پیرۆز ناوی یەك لێکۆڵینەوەم بدیٚ کە باس لە گیروگرفتە ئەساسییەکانی رۆشنبیریی عەرەبی و کۆمەڵگای عەرەبی بکات، کە بیٚ ئەوەی ئەو مافانە جێبەجیٚ بکریٚ گۆڕانی بەسەردا دێت.

هەمیشە چەپێنراو هەیە، هەمیشە کۆمەڵێك بنەرەت هەیە، هەمیشە لێرەدا کۆمەڵێك شت هەیە، کە ناشیٚ لێی دوورکەوینەوە، ئەوەش لە فیکردا ناشیٚ، گرینگترین شت لە فیکردا پرسیارکردنە لەوەی کە بیری لیٚ ناکرێتەوە، بەلاٌم ئێمە ئەوەی کە بیری لیٚ ناکرێتەوە بەجیٚ دەهێڵین و چوارچێوەی بۆ ئەکێشین و وەلای دەخەین، بە دوای شتی دیکە دەگەڕێین، کە هیچمان پیٚ نابەخشیٚ.

*رەنگە ئەوە پەیوندی بەوەوە هەبیٚ کە هەر لە بنەڕەتدا دەزانین ناگەینە هیچ چارەسەرکردنێك، یان وەلاٌمێك؟

– ئەوە گرفتی بیریار نییە، بیریار بە دوای شتدا دەگەڕیٚ، پرسیار دەکات، بیروڕای خۆی دەڵیٚ، ئەنجامەکانیش لە دوایدا دێن، ئەو لێپرسراوی ئەنجامەکانی نییە، چ سلبی بێت، یا ئیجابی، من لە ژیاندا گرفتم هەیە پێویستە بە شێوەیەکی فیکری بە دوایدا بچم،



PDF4Kurd

بەڵام فاشل بوونم، یان سەرکەوتنم بابەتێکی دیکەیە، بیریار هەیە هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە کەچی نەخوێندراوەتەوە بۆ نموونە (النفری) هەزاران ساڵی بەسەردا گوزەر کردوە، بەڵام نەناسراوە، نەخوێندراوەتەوە، کەچی ئێستا هەر شاعیرێك، هەر یەکێك شیعر بنوسێ دەناسرێ.

*لێرە لە گۆڕەپانی عەرەبیدا هەندێ بەدحاڵیبوون لە نێوان ڕۆشنبیران هەیە، من لەو بڕوایەدام کە خراپترین دەستە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا دەستەی ڕۆشنبیرانە بەبێ جیاوازی، تکایە ئەوە وا لێکمەدەرەوە کە بەرگریکردن بێ لە سیاسەتی عەرەبی، کە هیچ شوناسێکی نییە، ئایا تۆش وا بیر ناکەیتەوە؟

– بەڵێ منیش لەو بڕوایە دام، ئەزموون بۆ خۆی جەخت لەو مەسەلەیە دەکاتەوە، ئەگەر ئەزموون توانیبای شتێ بگۆڕێ، ڕەنگە من ڕای خۆم گۆڕیبایە، چونکە بڕوام بە حەقیقەتە جێگیرو ڕەهاکان نییە، حەقیقەتەکان لە واقیعەوە هەڵدەقوڵێن، بە پێی ئەزموون و گۆڕان، من هەتا ئێستا لەو بڕوایە دام کە فەرمانڕەوایانی عەرەب هەموو لە چینی ڕۆشنبیرانن، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، وەزارەتی دارایی. ئەمانە چینێکی ڕۆشنبیریین، ئەوە بە گشتی لەسەر ئاستی بەرزی سیاسەت، لە ئاستی نزمتر، سانسۆر پۆلیسێکی ئاسایی نییە، چاودێر ڕۆشنبیرە، ململانێی ڕۆشنبیران لەسەر ڕووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامەکان توندترو گەشترە لە ململانێی





سیاسیەکان، بە پلەیەك کە تۆ هەندێ جار وا بیر دەکەیتەوە کە ڕۆژانە خوێنی ڕۆشنبیرەکان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان وەك ڕووبارەکان دەڕۆن، ئەوەی لە دووتوێی تاوانبارکردن، بە کرێگرتن دەردەکەوێت، ئەوە کوشتنە، کاتێك بە ڕۆشنبیرێك دەڵێیت بەکرێگیراو، واتە کوشتت.

*زانیمان چۆن سەیری ئەو چینە دەکەیت، بەڵام ئەو چینە چۆن سەیری تۆ دەکات؟

– هەڵبەتە ڕقیان لێم دەبێتەوە....

*ئایا ئەوە ئاڵوگۆڕکردنی هەستەکانە...؟

– من داوای لێبوردن دەکەم، چونکە هەمیشە لێرەدا دەبینم دەرهاوێشتن هەیە، من لەو تەعبیرکردنە داوای لێبوردن دەکەم، تەعبیرکردن بۆ ئاماژە پێدانە ناچێتە ناو مانای حەرفیەوەو لێرەدا ڕۆشنبیری زۆر باش هەن، بۆیە بە پەراوێزکراون، هەروەها شاعیری جوان هەن، لە هەموو بارەکاندا نەك هەر لەو بارەوە، بەڵام ئەوان کەمینەن، نوێنەرایەتی جەستەی گشتی ناکەن.

*ئایا لەبەر ئەوەیە کە تۆ سەربەخۆیت؟

– ئەوە کار لەو جەستەیە دەکات، من بە هیچ سیستەمێك پەیوەست نیم، بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەك پەیوەست نیم، من ڕۆشنبیرێکم بە پێی توانا هەوڵدەدەم ئازادبم، کەسێك بیەوێت ئازاد بێ، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، گرانە زۆری دەوێ، بەڵام من بە پێی توانای خۆم هەوڵدەدەم.



PDF4Kurd

* یەکێك لە رۆشنبیران دەڵێ کە تۆ شاعیرێکی دیاریکراوی، بەڵام دەڵێ رۆشنبیرێکی ترسناکە کەلەپووری بەباشی وەرگرتووە، بە هۆشیارییەوە وێرانی کردووە، کارەساتەکە لەوێدایە کە بەفیعلی وێرانی کردووە، بەڵام شاعیرانی دیکە بە ناهۆشیارییەوە وێرانیان کردووە، ئەوە حەقیقەتی ئەو ترسەیە کە (ئەدۆنیس) رۆڵی تیا دەبینێ، قسەت لەسەر ئەوە چییە؟

– من هیوادارم لەو ئاستە گەورەیەی ترسدابم.

* بەڵام ئایا تۆ لەسەر ئەوە تەبایی کە بە هۆشیارییەوە کەلەپوورت وێران کردووە، ئایا وێرانکردنی کەلەپوور بە ناهۆشیاری چی دەگەیەنێت؟

– ئەگەر ئەوە ترسی من بێ، باشە چۆن دەکرێ قسە لەسەر کەسێك بکەین کە کەلەپووری وێران کردووە، بەڵام نزیکەی (١٠) کتێبی لەبارەی شکۆداری کەلەپووری حەقیقی عەرەبی نووسیووە، ئەگەر ئەو بەلای کەمی ئەوشتانەی خوێندبایەوە کە من نووسیوومە هەر لە دیوانی شیعری عەرەبی، پێشەکی شیعری عەرەبی و دواجار شیعری عەرەبی، دەقی قورئانی و ئاسۆی نووسین و... لێرە لە تەواوی مێژووی عەرەبی شاعیرێك نابینی کە کارێکی وای بۆ شیعری عەرەبی بە ئەنجام گەیاندبێ، کە ئەو تاوانبارەی ناوی (ئەدۆنیس)ە لەوێرانکردنی کەلەپوور بەئەنجامی گەیاندووە، ئایا ئەوە چۆن وێران کردنێکە؟!.





* من لەوبڕوایەدام کە ئەو مەسەلەیە بەلای دەسەڵاتەوە وابێ؟

– ئەگەر مەبەست ئەوەبێ، من لەسەری سوورم، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەدەسەڵات و دامەزراوە سیاسییەکانەوە هەیە لەکەلەپوور من دژی دەوەستم، هەرواش دەمێنێتەوە.

* ساڵی (١٩٧٥) یەکێتی نووسەرانی عەرەبی سوریا، بڕیاریاندا تۆ لەو یەکێتییە دەربکەن، چونکە لەساڵی (١٩٧٤) بەشداری (**غرناطة**)ت کردبوو، کە بانگەشەیەك بوو بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی رۆشنبیران لەگەڵ ئیسرائیل دا، ئایا تۆ زوڵم لێکراو بوویت؟

– من تەنها زوڵم لێکراوە نەبووم، بەڵکو لەوە گرانتربوو، جۆرێك لە بەدحاڵی بوون بوو، بەدحاڵی بوون لە زوڵم قورسترە، لێرەدا زوڵمی دووانەیی دەبینرێت زوڵمی عەقڵی و زوڵمی تاوان، من ئەوەندەم بەسە کە زۆربەی نووسەرانی عەرەب ئەوانەی بە جەستەی رۆشنبیریی ئایدیۆلۆژی عەرەبییەوە هیچ پەیوەست بوونێکیان نییە بەرگریان لەمن کردووە، هەڵوێستیان نواندووەو تەبەنی منیان کردووە، ئەوەی کە ئەوکات گوتم، ئەمڕۆ هەموو دووبارەی دەکەنەوە.

* ئایا تۆ لەو بڕوایە دایت کە توانای مانەوەو بەردەوامبوون لە گۆڕەپانی فیکری و سیاسی عەرەبی، ماندووبوونێکی زێتری لە ماندووبوونی ئیبداع دەوێت؟



PDF4Kurd

– بەڵام هەر تەنها وەك پرسیار، بەردەوامبوون، بەردەوامبوونی رۆشنبیرانی یانی چی؟

* بەردەوامی واتە ئیبداع.؟

– کەواتە بەردەوامبوونی حەقیقی بەردەوامبوونی ئیبداعە، ئەوەی کە بتوانێ ئیبداع بکات، ئەوانیدی هیچ نرخێکی نییە.

* ئەو گیروگرفتو شەڕانەی کە تۆ رووبەروویان بوویتەوە؟

– ئەوە بەهێزیان کردمو بڕوایان بەکارەکانم زێتر کرد، چونکە من هەموو ئەو کەسانە دەناسم کە هێرش دەکەنە سەر من، وەك (کەس) دەیانناسم، هەندێ لەوانە من فێرم کردوون، رێگام پێ نیشان داون، شتی زۆرم بۆ رۆناك کردوونەتەوە، لەوانە هەبوون توانای خوێندنەوەی دەقێکیان نەبوو، بەڵام بەداخەوە، بەو هەموو بێ توانایەی خۆیان شتیان لەسەر من نووسی، هەندێ لەوانە هاوڕێی منداڵی منن (حەسەن)و ئەوانیدیکە، هەموو ئەوانە دەناسمو لێیاندەبوورم، ئەرزش بۆ بارودۆخی دەروونیان دادەنێم، چونکە من زیاد لە پێویست لە گۆڕاپانەکە دەبینرێم، کەواتە با ئەو شتانە لەبیر بکەین، زۆر جاران لۆمەی خۆم دەکەم، چونکە زۆر دەردەکەوم، بەڵام هەر جارێ کە هەوڵدەدەم کەمتر دەرکەوم دەرفەتێك دێتە پێشەوە بەشی ئاواتەکانم ناکات، بۆیە من داوای لێبوردنیان لێ دەکەم تەواو دەیانبوورم، من لەژیانی خۆم وەڵامی ئەوانەم نەداوەتەوە.





* سەیرە هەرچەندە (ئەدۆنیس) هێرشی دەکرێتە سەر، کەچی بەدەگمەن وەڵام دەداتەوە، تەنها لەساتەوەختی نێرگزاویدا نەبێ..؟

– هەندێ جار قسەی زۆر دەکرێ کە مەحاڵە بتوانم بەرگەیان بگرم، لەم حاڵەتەشدا تەنها روونکردنەوە دەدەم، دیالۆگیان لەگەڵ ناکەم.

## الكتاب: الامس المكان الان

کە (ئەدۆنیس) کتێبی شیعری بەناوی (الكتاب: الامس المكان الان) دانا ئەو سەفەرەی لە خەیاڵ بوو کە (دانتی) بەودیوو دنیادای کردی، بەڵام ئەو هەر لە دنیا مایەوە، وەك چۆن (دانتی) (ڤیرجیل)ی وەك دەلیل بۆ خۆی دانا، ئەدۆنیس (موتەنەبی) بۆ ئەو کارە هەڵبژارد، چونکە لەراپۆرتەکەیدا نموونەیەکی شیاو بوو کە وتاری یەکەمی پانتایی سیاسیو فیکری لە مێژووی عەرەبیدا بەیەك گەیاند، لەو کتێبەدا ئەدۆنیس هەوڵیداوە کە پرشنگ بخاتە سەر گۆشە تاریکەکانو بە پەراوێزکراوەکانو قسە لەسەر نەکراوەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی عەرەبی بکا، بەمجۆرەش ناوکێکی دیکەی بۆ مێژووی نوێی عەرەبی دامەزراند، کە فرەییو پێشبینی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا لە رێگەی پرسیارکردنەوە (بەدرێژایی مێژوو) بەرجەستە کرد.



PDF4Kurd

* لێرە دەمانەوێ تۆزێ لەبارەی دوا کارەکانت بەناوی (الکتاب: الامس المکان الان) بوەستین، کە تیایدا کۆمەڵێك بۆچوونی جیاوازت لەبارەی مێژووی عەرەبی هەر لەکۆچی دوایی (پێغەمبەر) (د.خ) هەتا کەوتنی (بەغداد) لەسەردەستی (مەغۆلەکان) خستۆتە ڕوو، ئایا دەتوانی بە کورتی لەبارەی ئەو کتێبەوە بدوێیت؟

– ئەو کتێبە پرۆژەی سەفەرێکە لە مێژووی سیاسی ڕۆشنبیریی عەرەبی، من گوتم لای ئێمە مێژووی سیاسی ئایینی مێژوویەکی دیارە بەڵام مێژووی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیمان، مێژوویەکی نادیارو تەمومژاوی و ئاڵۆزە، چونکە مێژووی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیمان ڕەگەزگەلی جیاجیای تیادا بەشدارە، ڕەگەزی فرەو پەنهان بیروڕای جیاواز، بۆیە ئەو مەسەلەیە دەشێ بەراڤەکردنی ماوەی مێژوویی رووکاری یەکەم (سیاسی ئایینی) بێ، بۆیە هیچ کەسێ جورئەتی ئەو مێژووە (لەبەر هەر هۆیەك بێ) نەکردووە، چ لەبەر پیاوانی ئایینی بێ، یان پیاوانی سیاسی، جا لای عەرەب مێژووی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی، ئەو مێژووە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەی کە پڕە لە ناو دژی چۆن ڕووی ڕاستی مێژووی یەکەم (سیاسی ئایینی) دەخاتە ڕوو، یان کەشف دەکات، واتە چۆن ئەو مێژووە دەخاتە روو کە لەسەر توندوتیژی وەستاوە، لەسەر سەرکوتکردن و ریسوایی وەستاوە... هیچ عەرەبێك هەتا ئەو





مێژووە کەشف نەکات و نەیخوێنێتەوە ناتوانێ بەرەو داهاتوو هەنگاوبنێ.

* پەیوەست بوونت بە مەزهەبی شیعە عەلەوی، ئایا یارمەتی داوی کە بۆچوونێکی جیاواز بۆ ئیسلام بنوێنی؟

– بەهیچ جۆرێ، هەر بەو بۆنەیەشەوە، من بەهیچ جۆرێ پشتم بە هیچ سەرچاوەیەکی شیعە نەبەستووە، بۆ هەموو رووداوەکانیش بۆ ئەو نووسینانە گەڕاوەتەوە کە شیعە نەینووسیووە.

* بەڵام ڕەنگە وەك ئینتما یارمەتیت بدات..؟

– نەخێر، چونکە مەسەلەکە فیکرییە، مرۆڤ ئەگەر تایەفەیەك بێ، شیعە، یان سونی، پێویستی بە پرۆژە هەیە، پرۆژە، واتە ئایا پرۆژەیەکی تایبەت بە شیعە، یان عەلەوی... هتد هەیە، من پرۆژەیەکم بە تایەفەیەکی دیاریکراو نییە، پرۆژەی من عەرەبییە، ڕۆشنبیریی و ژیاری گشتییە، بۆیە ناشێ لەبەر ئەوەی من لە تایەفەیەکی دیاریکراوم ئیتر بکەومە ژێر کاریگەری تایەفەی ناوبراو، ئەگەر بەدوای ئەو لێکدانەوانەشدا بچین دەکەوینە ناودژییەکی زۆر، چونکە بیریارێکی زۆر هەیە کە سەرەتا موسڵمان نەبوون هاتنە ناو ئیسلام، دوای تەمەنێکی درێژو تەمەنی چل ساڵی، لەدەرەوەی ئیسلام بوون، پاشان بوونە ئیسلام، ئەگەر بچینە ئەو پانتاییەوە تووشی شتی زۆر دەبین.

* ئایا ئەو کتێبە بەدوا پرۆژەی فیکری تۆ دێتە ژماردن؟



PDF4Kurd

- من بە پرۆژەیەکی شیعری دادەنێم، بەڵام لەسەر جیهانبینی فیکری وەستاوە، بۆ ئەوەی دووبارە ئەو کتێبە مێژووییە بنووسینەوە، من لێرەدا باسی لایەنی فیکری دەکەم، ئەگینا لایەنی هونەری بابەتێکی دیکەیە، ڕەنگە ئەگەر بچینە ناوییەوە ئاڵۆزتر دەربکەوێت، واتە فۆرمی کتێب، هەر لاپەڕەیەك لەچواربەش پێکهاتووە، کراوەتە چوار پارچە، بۆئەوەی بەو فۆرمەش بگەین، دەبێ لە گێڕانەوە دوور بکەوینەوە، چونکە من نایشارمەوە حەزم لە گێڕانەوە نییە.

* واتە حەز لە ڕۆمان ناکەیت؟

- ڕۆمان کەم دەخوێنمەوە، چونکە من سروشتم پێویستی بە زەمەنێکی چڕو گرژ بوو هەیە، بەڵام ڕۆمان بەرەو زەمەنێکی خاوت دەبات، بێزار کەرە، وەك ئەوەی دژت بجەنگێ، بۆیە کاتێ ڕۆمان دەخوێنمەوە، وەك ئەوە وایە کە شتێك بخوێنمەوە لە خودی خۆم بمخاتە دەرەوە، بۆیە ناتوانم ڕۆمان بخوێنمەوە، جا بۆ ئەوەی بە زەمەنێکی ستوونی بگەم، لە گێڕانەوە دوور دەکەومەوە، دەبێ بەو فۆرمە بگەم، ئەو فۆرمەشم لەشاشەی سینەما وەرگرتووە، لە فیلمە مەزنەکان لە چرکەیەك لەچرکەکان دەتوانی ڕابردوو، ئێستاو گوێش لە مۆسیقا بگری، لەوێنەیەکی هونەری وردبیتەوەو جولە ببینی، واتە زەمەنی جیاوازمان بۆ دەگوازێتەوە، لەساتەوەختێکدا هونەری جۆراوجۆرمان لەسەر شاشە بۆ دەگوازرێتەوە، من گوتم ئەوە،،، ئەو شتەیە کە پێویستم پێیەتی و پێویستە بەرجەستەی بکەم، یان بیگوازمەوە بۆ لاپەڕەی شیعری، بۆیە لاپەڕەم کردە چوار بەش،





بەشی لای ڕاست گوتم ئەوە یادەوەری موتەنەبییە، یادەوەری دەلیلەکەم، یان کە بە ڕاوی ناوم برد، پاشان بەشی چەپ ئەوەی کە ڕووداوە هەڵبژاردەکەمان دەیەوێت، ئاماژەیە بە جومگە سەرەکییەکان پاشان ناوەندی لاپەڕە بۆ دووبەش دابەش دەبێ، لای سەرەوە بۆ موتەنەبی دەلیلەکەم دەگەڕێتەوە، (ئەزموونی ژیانی) بەڵام بە ئەزموونی جۆراوجۆری ڕۆشنبیریی و سیاسیی و مێژووی تێکەڵ بووە، بەشی خوارووی لاپەڕە پڕشنگە، تروسکەیە، پلاچەیە، بۆ ڕووناککردنەوەو پەیوەندی بەیەکەوە کردنی لاپەڕەکەیە.

* کەواتە ئەوە بۆچوونێکی ستوونییە..؟

- هەموو لاپەڕەکان ئاوان.

***

ڕەخنەگر (زاهیدە دەروێش) دەڵێ، شاعیر لەو کارەیدا بەرەو بەکاروانی ئیبداعی دەداو بەترۆپکی بلیمەتی شیعری دەگات، هەروەها ڕۆشنبیریی و مەوسوعی ڕەتدەکاتەوە، وەك بیرتیژێك کە توانایەکی جیاکارانەی بۆ خەڵقکردنی نوێ هەیە. لە کتێبی (الکتاب: الامس مکان الان) لەگەڵ میراتی ڕۆشنبیری عەرەبیدا بەیەکدا دەچێ، کە لە (دیوان الشعر العربی)و لە (ستاتیكو دینامیك) پراکتیزەی کردووە، هەروەها لەگەڵ دووبارە چاوگێڕانەوە بەمیراتی مێژوویدا کە ئەدۆنیس لە (صلاە والصیف) ڕاڤەی کردووە تاکو خوێندنەوەیەکی تەواو ڕەخنەی بۆ کەلەپوورو ڕابردووی عەرەبی هەر لە جاهیلییەوە بکات.

* تۆ دوای (٥٠) ساڵ لە خەڵقکردنو ئیبداع لەسەر ئاستی فیکرو شیعر، ئایا دەتوانی کاریگەری خۆت بەدرێژایی ئەو ساڵانە ببینی؟



PDF4Kurd

– داوای لێبوردن دەکەم، تۆ وام لێدەکەی کە قسە لەسەر خۆم بکەم، بەڵام من بەهیچ جۆرێك حەز ناکەم قسە لەسەر خۆم بکەم، بەڵام دەمەوێ لە دەرەوەی خۆمدا قسە بکەم، دوو تێبینیم بە نسبەت ئەو مەسەلەیە هەیە، بە بڕوای من کاریگەری قووڵ هەتا ئێستا رووی نەداوە، کاریگەری قووڵ واتە ئەگەر بەنسبەت من شتێك بەناوی ئەزموونی شیعری نوێی عەرەبی لە ئارادابێ، ئایا ئەو مانایە بەسێنتەر دەبێ، یان دەبێتە تەوەرەیەك لەبارەی گۆڕینی چەمکی شیعری بەگشتی، وەك گوتمان گۆڕینی چەمکی شیعری بەو مانایەی کە شیعر پرسیارو بەدواداگەڕانە، بەهیچ جۆرێك لە فیکر جیانابێتەوە، وەك نووسینیش هەموو رەگەزەکانی رۆشنبیریی بەشداری تیا دەکات، بەو مانایەو لەو ئاستە قووڵەدا کاریگەری کەمە، بەڵام دڵنیام دواتر دەبینرێ، بەڵام کاریگەری بەرچاو، کاریگەری شێواز، واتە بەکارهێنانی وشە، بەکارهێنانی هەندێ شێوە داڕشتن، هونەری نواندن لەوێنەدا، مەسەلەی شێوەکاری کە بەزمانو شێوازو وێنەوە پەیوەستە، لەم بارەوە سوودیان لەمن وەرگرتووە، لەسەر ئاستی هونەری شیعری.

* لایەنی فیکری، یان رەخنەیی، بۆ نموونە (ستاتیك و دینامیك)

– ئەوە نابینم، زێتر لە شیعر دەبینرێ.

* وشەی کۆد لای ئەدۆنیس..

– پێویستە هەموو خوێنەرێك کۆدی تایبەت بەخۆی هەبێ، بەڵام بەنسبەت من لێرە هەندێ چەمك هەن تێگەیشتنی شیعری من قورس دەکەن، بەمانای وردی وشە لای من دەکەونە دووتوێی کۆمەڵێك کۆدەوە، بۆ نموونە وشەی ناکۆتایی، گۆڕان، چەمکی لە





سنوور تێپەڕاندن و تەجاوز، چەمکی لێتوێژینەوە، پرسیار، چەمکی کەشف و بەدواداگەڕان، رویئە، هەموو ئەو چەمکانە کۆدەکانی من پێکدەهێنن، بەڵام پێویستە رەخنەگر ئەوانە دیاری بکات، رەخنەگر لەدیدی خۆیەوە دەق دەخوێنێتەوەو ئەو کۆدانە بەکار دەهێنێ، کە لەبەرژەوەندی بۆچوونی خۆیدایە.

* بەلای کەمی با لەبیریان نەکات.؟

– بەڵێ لەبیریان نەکات.

* ئەو جارە گوتت کە شیعر چنینەوەی گوزەرکەرە، ئایا مردن قۆزتنەوەی گوزەرکەر نییە.؟

– مردن، تەنها گوزەرکەر ناقۆزێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو شتە جەوهەرییانەش دەچنێتەوە کە لە مرۆڤدایە، لەبەرزترین وێناکردندا مرۆڤ لە سەر شێوەی خوا خەڵقکراوە، ئەو هەموو جوانییە، جوانی روخسارو جوانی رۆح، مردن دەیچنێتەوە، هەر تەنها گوزەرکەر ناچنێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو جوانیانەش دەچنێتەوە کە لەژیاندایە، بەڵام ئەو چنینەوەیە پێویستە، پاشان لە شتێکدا بێ نرخ دەبێ، بۆیە پێم وانییە مردن گیروگرفت بێ، بەڵکو گیروگرفت ئەوەیە کە خەڵك هەموو دەمرن، هەموو لەو بێ نرخگەلە بەشداری دەکەن کە مردنە، ئەوەش گیروگرفت نییە، گیروگرفتەکە ژیانە، چۆن بژین، ئەوە گرفتەکەیە...

* چۆن شاعیر بەرگری لە مردن دەکات؟

– من بەرگری مردن ناکەم، من هەستدەکەم هەموو ساتەکانی ژیانم مردنە، هەموو ساتەکان، ئێمە بەرگری ناکەین، بەڵکو ئەو بۆشاییە بە گۆرانی پڕ دەکەینەوە کە مردن سات بەسات دروستی دەکات،



PDF4Kurd

تۆش بەژیان و شیعرو خۆشەویستی هەوڵدەدەیت ئەو فەراغە پڕ بکەیتەوە، بۆئەوەی لەگەڵ مردن بکەونە سەر یەك ڕێگا، تا ساتی دوای دێ و ئەو جەستە نامۆیە ناپاکیمان لێ دەکات.

* دوا وشەت کە بتەوێ ڕووبەڕووی یەکەمجار ڕۆشنبیرانی بکەیتەوە چییە؟

– پێویستە ڕوون و ئاشکرا بن و بابەتیانە بکەونەوە، یەکەمجار گومان لەخۆیاندا بکەن، ڕەخنە تەنها لە دەق و کردەی کەسەکان بگرن نەك کەسێتی ئەو کەسانە، ڕەخنە لە خۆیان بگرن و خۆیان ماندوو بکەن، واتە هەوڵبدەن، لەپیشەکەی خۆیاندا کارامەو دەست پاك بن، من ئەوە دەڵێم کە خۆم تیایە ژیاوم، نەك وەك مامۆستا، بەڵکو وەك کەسێك، کەسێکی خاوەن ئەزموون کە مامەڵە لەگەڵ خودی خۆیدا بکات، من لەو بڕوایەدام کە بە گشتی ڕۆشنبیری عەرەبی دەبێ بەر لەوەی ڕەخنە لەویدیکە بگرێ، ڕەخنە لە خۆی بگرێ بە تەسەوری من بەم جۆرە کودەتایەکی گەورە لە ڕۆشنبیری عەرەبی دەسازێ.

* وشەیەك بۆ گەورەکان..؟

– هەر چۆنێ بێ هیچ کەس بەسەرکوتکردنی ئەویدیکە گەورە نابێ، ئاستی ئەو سەرکوتکردنە هەر چەند بێ، بەڵکو بەپێدانی ئازادی بۆ خەڵکانی دیکە مەزن دەبێ، جا ئەو ئازادییە هەرچییەکی بوێ.

سیاسی بەئازادی مەزن دەبێ کە دەیداتە دوژمنەکەی بەسەرکوتکردن و زیندانی کردنی بچووك دەبێتەوە.

* وشەی گەشبینی، ئایا تۆ گەشبینی؟





– تەنها بە خۆشەویستی، تەنها بە نووسنیی شیعر، تۆ گەشبینی، ئیبداع بە دیاریکراوی گەشبینییە، من بڕوام بە وزەی عەرەب هەیە، بەلای کەمی وزەی تاك، بڕوام وایە کە عەرەب ڕێگا بۆ بلیمەتی خۆیان دەدۆزنەوە، دووبارە خۆیان بەسەر نەخشەی دنیادا بەرجەستە دەکەن.

### سەرچاوە

بەرنامەی (مبدعون) کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی (ئەبوزەبی) لەرێکەوتی (٢/١٠/٢٠٠٢)و (١٠/١٠/٢٠٠٢). لەلایەن ئامادەکاری بەرنامە (نوار)و دەرهێنانی (محەمەد محەمەد) پێشکەش کراو لە کاسێتەوە تەفریغ کراوە. من ناونیشانم بۆ هەڵبژاردووە.



PDF4Kurd

## ئەدۆنیس:

## دەقی ئایینی دەڵێ دەبێ موسڵمان بەردەوام بۆ کتێبی خوا عەقڵ بەکار بهێنێ

بەر لە ئامادەکردنی ئەو گفتوگۆیە بڕوامان بەوە نەبوو بەشێوەیەکی ئاسایی بە ئەنجام بگات، بۆ ئەوەش دەبایە کۆمەڵێك پرسیار بخەنە بەردەم شاعیری گەورەی عەرەب (ئەدۆنیس) کە پێشتر کارییان پێ نەکرابێ، هەوڵماندا، بەڵام ئاخۆ سەرکەوتنمان بەدەست هێنا؟ گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ئەوەمان کەشفکرد کە ئەدۆنیس بڕوای بە گۆرانیبێژی ژن هەیە، نەك ئەوەی کە خاوەنی بەخششی رۆشنبیرییە، یان پێشەنگی شیعرییە، هەروەها کلاسیکیەتی ئەومان لەرێگەی گوێ گرتن لە مۆسیقاوە کەشف کرد، ئەوەش تەواو لەگەڵ تازەگەری ریتمی شیعرەکانیدا ناکۆك دەکەوێتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەر لەتۆمارکردنی ئەوە گفتوگۆیە بیروڕای خۆی لەبەرامبەر ئاکاری بەرزی (نەجیب مەحفوز) خستەڕوو هەروەها جگە لە رۆمانی (ثرثرة على النيل) رۆمانێکی





دیکەی نەجیب مەحفوزی نەخوێندۆتەوە، هەر ئەویش (سەیاب)ی پێشکەش کردووەو کۆمەڵە شیعری (انشودة المطر)ی بۆ چاپ هەڵبژاردووەو پێش دەرکەوتنی گۆڤاری (شعر) لە (بەیروت) بزاڤی شیعری جگە لە دەرچوون لە نوێگەری حەقیقی شتێکی دیکە نەبووە، هەروەها کاتێك کە ویستمان کاسێتی ریکۆردەرەکە رێك بخەین بەگاڵتەوە گوتی دەنگم لە دەنگی (عەبدولحەلیم حافز) دەچێ، ئەوەش بۆ ئێمە دەرفەتێك بوو تاکو لێێ بپرسین:

* دەنگی عەبدولحەلیم حافزت پێخۆشە؟

– لەراستیدا نەگوێی لێ دەگرم، نەخۆشم دەوێ، یان بەمانایەکی راستتر من لەدەرەوەی هەندێ لە گۆرانییەکانی سەید دەروێش و مەحەمەد عەبدولوەهاب و فەیرۆز و ئوم کەلسوم کە زۆرم خۆش دەوێن، هیچ گۆرانییەکی عەرەبی دیکە ناناسم.

* ئەی مارسیل خەلیفە؟

– مارسیل وەك مۆسیقی باشە، نەك وەك گۆرانیبێژ، ئەگەر بەراوردی دەنگی ئەو بەدەنگی ئەوانەی کە ناوم بردن بکەین، جیاوازە، ئەوە بەو مانایە نییە کە گۆرانیبێژە لەئاستی ئەواندا، بەڵام ئەویش رێگای تایبەتی خۆی لە گوتنی گۆرانیدا هەیە، لەدنیای هاوچەرخدا رۆڵی گۆرانی، گۆڕینی زۆری بەسەردا هاتووە، وەك پێشان نەماوە، دەشێ هەموو کەسێك گۆرانی بڵێ، ئەگەرچی



PDF4Kurd

وەك پێویست دەنگی وەکو دەنگی گۆرانیبێژە کۆنەکانیش نەبێ، ئـوم کەلسـومو فـەیرۆز وەك دوو گۆرانیبێـژی گـەورەو مـەزن دەمێننەوە، خۆشبەختانە لە گۆرانی گوتندا ژن بەرجەستەیە، زۆر بەکـەمی لـە کۆمـەڵگای عەرەبیـدا ژن لەپانتاییـەکانی رۆشـنبیریی هەمەچەشن دەردەکەون، من دڵخۆشم بەوەی لە هونەرێك کەلەهەموو هونەرەکان گرنگترە (هونەری گۆرانی گوتن) ژن بەم ئاستە بەرزەوە دەردەکەوێت.

* تۆ بۆ ناوە کۆنەکەت (عەلی ئەحمەد سەعید) سۆزت ناجولێ؟

– ئەو ناوە هەرگیز لێم جیانابێتەوە، سەیر ئەوەیە کە بەرێکەوت (ئـەدۆنیس) بـەزمانی کـۆن مانـای (سـەیدی)یـەو (ئەلسـەید)یـش حوشـتر دەکـا، دەشـێ نـاوی کلاسـیکی (عـەلی) ئـەوەبێ، بـابلی و کەنعانی و سۆمەری لەدەستەواژەدا لە عەرەبەکان رەسەنترن، کەواتە (ئـەدۆنیس) لـەمانا قووڵەکەیـدا (عـەلی) دەگەیـەنێ، مـن زاراوەکـەم گۆڕیوە، بەڵام جەوهەر ناگۆڕێ، بۆیە لێم جیا نابێتەوە، تاکو سۆزم بۆی بجولێ.

* ئایا ئەو ئیشکالیەتە بچووکانەی کە لە تانەلێدانی ئەو ناوەوە دێ، بێزارت ناکات؟

– نەخێر، ئەوە لە چوارچێوەی عەرەبیدا دەورووژێ، بە هیچ جۆرێك بێـزارم ناکـات، چـونکە پاڵنـەری ئـەو کەسـانەی ئـەو مەسـەلانە دەوروژێنـێ پاڵنـەری رۆشـنبیریی نـین، بـەڵکو شەخسـین، بۆیـە تـۆ





ئەگەر لە گۆشەیەکی سایکۆلەژییەوە تەماشای ئەو وروژانە بکەیت، حاڵـەتێکی سـایکۆلۆژی گشـتی لای ئـەو نوسـەرانەی کـە بـە خۆیـان دەڵێن رۆشـنبیر بەرچـاوت دەکـەوێت، دەیخەنـە سـەر ئـەوانی دیکـە، بۆیە هیچ ناموروژێنێ، بەڵکو بەزەییم پێیاندا دێتەوە.

* ئایـا ئـەو پاڵنـەرە شەخسـیانە خەسـڵەتێکە لـە خەسـڵەتەکانی رۆشنبیری عەرەبی؟

– مـن لـەو بڕوایـە دام کـە لـە سـاتەوەختی ئێسـتادا خەسـڵەتێکی جـێگیر بـێ، لـە هـەموو رۆشـنبیرەکاندا جـێگیرە، لـە رۆشـنبیری کۆنیشـماندا هـەبووە، بـەڵام لـە بەرامبـەر ئـەو پاڵنـەرو تانـە لێدانـە شەخسـیانە کەسـانێك بـەدی دەکـەی کـە بـەرگری و پارێزگـاری لـە بەهای بابەتیانە دەکەن، ئێوە دەزانن کە گەورە شاعیرانمان ئەوانـەی کـە شـیعریەتی عـەرەبیان دامەزرانـدوە، هەنـدێ جـار دەکەونـە بـەر تۆمەتبارکردنەوە، هەر لە (ئەبو نـەواس)و(ئـەبو تـەمام)و(موتەنـەبی) تـا دەگاتـە (دکتـۆر تـەها حوسـێن) کەواتـە ئـەو مەزنانـەی کـە هەسـتەکانیان دروسـتکردو خەلخەلـەیان خسـتە نێـو بـەهاو چێـژی کۆن و شیعرو فیکریان دامەزراند، ئەوانە بەردەوام بە دزی تاوانبار دەکرێن، یان بە کافر، ئەو خەسڵەتە لە رۆشنبیری عەرەبیدا جێگیرە، بـەڵام ئـەمڕۆ ئـەو مەسـەلەیە بـە شـێوەیەکی گـەورەتر بەرجەسـتەیە لەبەر هەندێ هۆ، کە شەرم دەکەم بە دواییدا بچم.

*بۆچی؟



PDF4Kurd

– بڕوا ناکەم بتوانم ئەو هۆیانە بە وردی شیبکەمەوە، گەرچی ئامارژەم بە هەندێ لە فاکتەرەکانی دا، ئەوە بە نۆڕم و بەهاو پەیوەست بوونی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە بەندە، بە شاراوەییەوە ڕێدەکات، دەبێ خۆمانی لێ لابدەین، ئەوەی دەمێنێتەوە شتە جەوهەریەکانن، خۆشبەختانەش لە کۆمەڵگای عەرەبیدا کەسانێك هەن، گەرچی بە شێوەیەك لە شێوەکان پەراوێزکراون، بەڵام بەردەوام پارێزگاری لەو جەوهەرە دەکەن و بەرگری لێدەکەن، هەروەها مژدەی تەجاوزکردنی ئەو ئیشکالیەتە بچوکانەیان پێیە، دەتوانن ئەو ململانێیە لە ئاسۆی شەخسیەوە بۆ ئاسۆیەکی ڕەخنەئامێزی بابەتیانەی مرۆڤایەتی بگوازنەوە.

* بۆچی (موتەنەبی)ت وەك تەوەرەی (الکتاب) هەڵبژارد، تۆ لەسەر قەسیدە نیشتمانیەکانی بیانووی خۆت هەیە، ئەو مەسەلەکان بە ستایشکردن دەگۆڕی، ئێمە گەرچی دان بە گەورەیی (موتەنەبی) دادەنێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی لە جۆری یەکەم ستایشکارە تۆش دژی پەیوەندی نێوان ستایشکارو ستایشکراویت؟

– موتەنەبی گشتێکە پارچە پارچە ناکرێ، کە یەکێك بەرز دەبێتەوە، هەر کەسێ بێ، تۆ کارت بەوەدا نییە چۆن دەخواو چۆن دەنوێ، یان پەیوەندی بە فلان کەس دەکاو بە فیسار ناکات، تۆ بە ڕووەکەی دیکە ڕاست دەبیتەوە، لە ڕێگەی ئەو ڕۆشناییەوە ڕاست





دەبیتەوە کە لە دوای جێماوە، ئەگینا ئەگەر لە ڕێگەی پەیوەندی بە ستایشکراوەوە تەماشای شاعیرانی عەرەب بکەین ناتوانین هیچ شاعیرێك بدۆزینەوە، باشە بۆچی لە پەیوەندی بە خودی خۆیەوە سەیری نەکەین، کەواتە لێرەدا نەگرتنە خۆ هەیە، گرتنە خۆی حەقیقەتیش لە مرۆڤ دا ئەوەیە کە بگەیتە دواین جەوهەری ئەو مرۆڤە، واتە من وەك دەلیلێك سەیری (موتەنەبی) دەکەم، جگە لەوە لەناو شاعیرانی عەرەب(موتەنەبی) مەیلی بۆ ئەو جمگەیەی کە دەکەوێتە نێوان سیاسی و ڕۆشنبیر، نێوان دەسەڵاتدارو یاخی لە دەسەڵات، زۆرترە، جگە لە موتەنەبی هیچ شاعیرێکی عەرەبی بە دی ناکەیت کە نوێنەرایەتی ئەو خاڵە بکات، وەك چۆن (موتەنەبی) نوێنەرایەتی دەکات، کە بۆ خۆی خاڵی ململانێ و ناکۆکیە، خاڵی بە یەك لکان و هەڵوەشانەوەیە، من بۆیە هەڵمبژارد تاکو لە ڕێگەی ئەوەوە ئەو جمگە بەردەوامەی نێوان ئەوەی کە بە ئایین و ئەوەی کە بە سیاسی ناودەبرێت، ئەوەی کە بە دەسەڵاتدارو ئەوەی کە بە ڕەفزکەری شۆڕشگێر ناودەبرێ بەدی بکەم، جگە لەوەش (موتەنەبی) ترۆپکی شیعری و تەواکەری شیعرییە، لە دوای ئەو تەعبیرکردن(جگە لە مەعەری) تەواو هەرەسی هێنا، مەعەڕی دانی بە مەزنێتی موتەنەبی ناوە، کتێبەکەی خۆی کە شیعری موتەنەبی تێدا راڤە کردوە بە (موعجیزەی ئەحمەد) ناوبردووە، من لەو بڕوایەدام کە موتەنەبی مێژووی عەرەبی زۆر لە ڕووداوە



PDF4Kurd

مێژووییەکان جوانترو گەشتر نیشان داوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ بە شیعری موتەنەبی راڤە دەکرێ، ناشێ شیعری موتەنەبی پێ ڕاڤە بکەین، ئەو کاتێك هەجوی کافور دەکات، یان ستایشی دەکات دەڵێ:( شیعری من ستایشکردنی ئەو نییە، بەڵکو هەجوی لوڕییە) ئەو رەخنە لەو کۆمەڵگەو لەو مرۆڤانە دەگرێ کە یەکێکی گەورەی وەك ئەویان وا لێکردوە پەنا بۆ کافورو ئەوانی دیکە ببات، وەك ئەوەی بیەوێت شیعر بکاتە پێشەوای کۆمەڵگە بۆچی شاعیر نابێتە پێشەوا.؟

* بۆچی سیاسەت لە بڕی ئەوەی دوای شاعیر بکەوێ گوێی لێناگرێ؟

– موتەنەبی لە هەموو ژیانی و لە هەموو نوسراوەکانیدا شیعر وەك یەکەم رۆشنایی فیکرو سیاسەتو مرۆڤایەتی دادەنێت، من بەو مانایە موتەنەبیم وەرگرتووە.

* لە قسەکردندا کەوتیتە نێو پەیوەندی نێوان رۆشنبیرو سیاسییەوە، ئایا بۆشایی لە نێوان رۆشنبیرو دەسەلأت پێویستە؟ هەیە داوای ئەوە ئەکات ئەو بۆشاییە ببێتە پردێك؟

– من داوا دەکەم دووبارە چاو بەو پەیوەندییە جێگیرەی نێوان دەسەلأتو رۆشنبیردا بخشێندرێتەوە، لە هیچ کۆمەڵگەیەك سیاسەتی مەزن بە دی ناکەیت ئەگەر دەزگای رۆشنبیریی مەزن وجودی نەبێ، بەمجۆرە سیاسەت بۆخۆی بەشێکە لە رۆشنبیریی،





نەك بە پێچەوانەوە، هەرچۆنێ بێ لە کۆمەڵگای زیندوودا بە هیچ شێوەیەك رۆشنبیری وەزیفە نییە، وەك چۆن ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای عەرەبیدا دەبیندرێ رۆشنبیری بۆچوونێکی رەخنەیی گۆڕانکارە هەر دەبێ واش بمێنێتەوە، بەو مانایە دەبێ سیاسیەکان بە دوای رۆشنبیراندا بچن، بەلأم بە داخەوە لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا سیاسیەکان هیچ نرخو سەنگێك بۆ رۆشنبیری داهێنەر دا نانێن، ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەبی ئەوەندەی ناپاکی لە پەیامی رۆشنبیریی خۆی دەکات، ئەوەندەش قبوڵیەتی بە دوای سیاسیەکان بکەوێت.

* تۆ بەردەوام داوای خوێندنەوەی دەقی یەکەم دەکەیت(مەبەست دەقی قورئانییە– و بە کوردی) ئایا هیچ رۆشناییەك بە دی دەکەیت کە خرابێتە سەر ئەو دەقە، کە ئەمڕۆ بتوانین بۆی بگەرێنینەوە؟.

– با لە دەقی شیعری یەکەمو ئەو خوێندنەوانەی کە لای رەخنەگرە عەرەبیەکانەوە کراوە دەست پێبکەین، ئایا دەتوانین بڵێین (ئەمەدی)یان (قوتەیبە)یان(جرجانی) خوێندنەوەیەکی کاملو کۆتا ئامێزیان بۆ شیعری جاهیلی کردوە، یان ئایا ئێمە لەسەرمانە سوود لە خوێندنەوەکانی ئەوان وەرگرینو بۆ خۆمان بە پێی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکەین؟ رەنگە بە نیسبەت دەقی ئاینیش هەمان شت بڵێین، بۆچی خوێندنەوەیەکی تەواو کۆتایی ئامێز قبولێ دەکەین، کە بۆ خۆی لە خودی دەقی ئاینیدا ئاماژە بە خوێندنەوەی کۆتاییئامێزو دوا خوێندنەوە



PDF4Kurd

نەدراوە، دەقی ئاییینی دەڵێ دەبێ مەسڵمان بەردەوام بۆ کتێبی خوا عەقڵ بەکار بهێنێ، بەلاّم بە داخەوە، ئێمە دەقەکانی سەرەتامان لە ئاسۆی ئەو گیروگرفتانەوە نەخوێندۆتەوە کە ئەمڕۆ ڕوبەڕوومان دەبنەوە، یان لە ئاسۆی پەیوەندیمان لە ئەوی دیکەو ئەو پێشکەوتنەی کە لە (١٠٥٠)ەوە تاکو ئەمڕۆ لە ئارادایە، بەڵکو وازمان لەو دەقانە هێناوە کە دەبێ بیخوێنینەوە، دەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خوێندنەوەی نوێی بۆ ئەنجام بدەین، من ڕێزم بۆ هەموو خوێندنەوەکان هەیە، پێویستە سوودیان لێ وەرگرین.

* لەم چوارچێوەیەدا من بە خوێندنەوەی(محەمەد ئەرکۆن)ی جەزائیری پەیوەستم، بەلاّم وەك دەبینین لە بەشی لێکۆڵینەوەی خۆرهەلاّتی کە لە پاریس کاری تێدا دەکات تەریك کراوە؟.

– کە دەلێین تەریك کراوە شتێکەو کە قوڵتر لە بارەی ئەو بابەتانەی نووسیووە ئەوە شتێکی دیکەیە، لە دژ وەستان و لە بایەخ کەمکردنەوەو بوختان بۆ دروست کردنی (ئەرکۆن) هیچ لە حەقیقەتی مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە ئەوانە هەمووی دەچنە خانەی پروپاگەندەو ئیرەیی پێ بردن و ڕکەکردنی ئاینییەوە بە بڕوای من ئەوەی (ئەرکۆن) لە باری دەقی یەکەمەوە دەینووسێ لە هەموو ئەوانە قوڵترن کە ئێستا دەنووسرێن، هەر لە نزیك ئەو مەسەلەیەوە ئەگەر سەرنج لەو ڕەخنەگرە عەرەبانە بدەین کە لە





ئەمریکا نیشتەجێن دەبینین هەندێ شتیان خستۆتە سەر ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی و بە پێچەوانەی ئەو ڕەخنەگرانەی کە لە ئەورووپادا دەژین.

* مەبەستت لە خستنەسەر چییە؟.

– بۆ نموونە (ئیهاب حەسەن) تیۆرێکی ڕەخنەیی پێشکەش کردووە، هەروەها بەشدارییەکانی (ئیدوارد سەعید) ناشێ لەو چوارچێوەیەدا پشتگوێ بخرێ، (ئیهاب حەسەن) بەشێکە لە ڕۆشنبیریی ئەمریکی، هەروەك (ئیدوارد سەعید)یش بەشێك نییە لە ڕۆشنبیریی عەرەب، ڕۆشنبیرانی جەزائیرو مەغریب هەر لە سەرەتاوە گیروگرفتی عەرەبیان هەبووە، بەلاّم گیروگرفتی (ئیهاب حەسەن ) عەرەبی نییە، هەروەها (ئیدوارد سەعید) جگە لە کتێبەکانی ئەو دواییەی کە لە بنەڕەتدا سیاسین، بایەخیشیان لەو کتێبە ڕەخنەییانەی بە ئینگلیزی نووسیوویەتی کەمترن.

* بۆچی ئەوانە دەرچوون؟ بۆچی ناکۆیی عەرەبی و پێناسەی ئیسلامی لە کەش و هەوایەکی دیکەدا دەخەنە بەر قسە لەسەر کردن و لێکۆڵینەوە؟

– نەچوونەتە دەر، بەلاّم لەبەر هەندێ بارودۆخی مێژوویی بە زمانێکی دیکەیان نووسیووە، ئەو بارودۆخە ناگۆڕدرێت، هیوادارم دووبارە نەبێتەوە. کەواتە پێویستە لەو بارودۆخە تێبگەین، سەرەڕای ئەوەش کەش و هەوای ڕۆشنبیریی ئەورووپی یان و



PDF4Kurd

بەرفرەوانترە لە کەش و هەوای رۆشنبیریی عەرەبی، ئەوان لەو پانتاییە ئاسوودەیی و لەیەککەیشتن و کارلێککردن زێتر هەست پێدەکەن، نەك لەچوارچێوەی رۆشنبیریی عەرەبی، ئەگەر ئەو پانتاییەی کە بیریاری عەرەب تیایدا دەخولێتەوە، یان ئەوەی کە بەزمانی عەرەبی لە کۆمەڵگای عەرەب دەینووسێ بەو پانتاییەی کە ئەوروپی، یان ئەمریکی تیایدا دەخولێتەوە بەراورد بکەین دەبینین پانتاییەکەی ئێمە سانتیمەترێك یان کەمترە، بەڵام پانتایی ئەوێ بێ کۆتاییە.

* سەرەڕای ئەو کەش و هەوا بەرفرەوانە، بەڵام هەمیشە لەلایەن رۆشنبیرانەوە خولیایەك بەرامبەر ئەویدیکە هەیە، قسەکردنیش لەبارەی شاڵاوی رۆشنبیریی کۆتایی نایەت، تۆ ئەو شتانە چۆن دەبینی؟.

– ئەو خولیایە عەرەب لەناوەوە پێی هەڵدەستێ، خولیایەکی سیاسییە، بێ بەڵگەیە، دەیانەوێ شتەگەلێکی پێ بشارنەوە، بۆچی قسە لە وانە ناکەن کە هەڵدەکوتنە سەر ئیبداع و بەخشیشەکانی رۆشنبیریی عەرەبی، سەر شاڵاوی تەکنیکی.

کۆمەڵگای عەرەب بەرهەمهێن نییە، تەنها بەرخۆرە، بۆچی ئەوانە قسە لە شاڵاوی ئامرازی تەکنیکی ئەمریکی ناکەن، بەڵام پەلە لەوە دەکەن کە رەخنە لەشاعیرێك بگرن کە (بۆدلێر) یان (هۆڵدرێن) یان (فرۆید) دەخوێنێتەوە. هێرش دەکەنە سەر ئەو رۆشنبیرە، بەڵام





شاڵاوی ئەویدیکەی بکوژ لە یاد دەکەن، تۆ بهێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر رۆشنبیریی عەرەبی تەواو لەکاریگەری خۆرئاوایی خاڵی بکەینەوە، ئایا چ دەمێنێتەوە؟ جگە لە ئایین و شیعر، شتێکی دیکەی لێ نامێنێتەوە، جگە لەوە شتێکی دیکە نییە، کەواتە ئەو قسەکردنەی کە لەبارەی شاڵاوی رۆشنبیرییەوە، تەواو لەگەڵ مێژووی رۆشنبیریمان ناکۆك دێتەوە، مرۆڤی عەرەبی خودێکی رۆشنبیریی نییە تەنها ئەو کاتە نەبێ کە تێکەڵی ئەویدیکە دەبێ، ئەوە مێژووە.

* لە (ستاتیك و دینامیك) ئەوەت وەیاد هێناوەتەوە کە سێ لەچواری رۆشنبیریی عەرەبی غەیرە عەرەب دروستی کردووە، ئێستاش هەمان بیروڕار دووبارە دەکەیتەوە، ئایا هەمان ساتەوەختە، یان ئەو دوو سەدەیەی رابردوو هیچ بەخششێکی تایبەت بە عەرەب وجودی نییە!.

– بەخششی ئیبداعی عەرەب لەو دوو سەدەیەدا لە دوو شتدا خۆی کورت دەکاتەوە، یەکەم بەگشتی لەهونەردا لە پێشەنگی ئەو هونەرەش شیعرو هونەری شێوەکاری و هونەری دیکەی وەك رۆمان، لەو پانتاییەدا بەخششی عەرەب باش دەبینرێ، سەرەڕای بۆماوەی ئایینی و شیعری، بەڵام لە پانتایی زانستی مرۆڤایەتی فەلسەفەو بیرکاری و ئەنترۆپۆلۆژیا شتێکی وانابینرێ، ئەگەر تاکی عەرەبیش لەو رووەوە هەبێ، ئەوە لە کۆمەڵگای دیکە کە رێگایان بۆ خۆش



PDF4Kurd

کــــردوون بەرهـــەمیان هـــەبووە، ئیبـــداعیان کـــردووە، کەواتـــە بەرهەمەکانیان سەر بە کۆمەڵگای خۆرئاواییە، چونکە ئەوان هانیان داون، ناشێ سەر بە کۆمەڵگای عەرەبی بێ.

* قسەت لە بەخششی دەستکردو ئازادییەکانی کرد لە بەرامبەر نا ئازادی مرۆڤ؟

— تۆ هەمان بەخششی دەستکری ئەمڕۆ لەگەڵ سەدە کۆنەکانی وەك (فاتمی)و (مەملوکی) تا دەگاتە (عەباسی) بەراورد بکە، دەبینی ئەوەی کە ئەمڕۆ بەدەست بەرهەمی دێنن ناگاتە هیچ یەکێك لە ئاستە کۆنەکان، دەستکردی ئەمڕۆ هەر بەناو دەستکردە ئەگینا پیشەسازیو خێرایی و ئامرازەکان بەسەر هەموو شتەکاندا زاڵن، نەکاتێکی زۆری دەوێ، نەهاوکاری دەوڵەتی پێویستە، بەڵکو زێتر بەرەو ئاسانکاریو بەخششی خێرا هەنگاو دەنێ، بۆیە دەست مرد، تۆ بەراوردی ئەندازەی بیناسازی کۆنو نوێ بکە، چەند جیاوازی مەزنی تیا بەدی دەکەیت، ئەواکاتەی کە بەشەقامێکی قاهیرەی کۆندا گوزەر دەکەیت، هەر تەنها سەیری ئیستاتیکا بکە، هەست دەکەی گوێت لە هەناسەدانو هەناسە وەرگرتنی تەمەنو ئەندازەی ئەو شوێنەوارە رەنگرێژ کراوە دەبێ، بەلاّم کاتێك دەچیتە شەقامێکی نوێ، جگە لە ئامێرو خێرایی و ئیستهلاککردنو وەزیفەکاری شتێکی دیکە بەدی ناکەیت، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ جوانی جیهانی کۆن تەواو جیاوازە.





* وەزیفەکاری بەشێکە لە کۆن؟

— بەڵێ، بەلاّم لەوێ هیچ بۆشاییەك لەنێوان ژیانو هونەردا نەبووە. ئەمڕۆ ئەو بۆشاییە هەیە، لەکۆندا وەزیفە بەشێك بوو لە حەساسیەتی هونەری، کاتێك من کورسیم بەکاردەهێناو لەسەری دادەنیشتم وەزیفە بوو، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا نیشانەیەك بوو لە نیشانەکانی جوانیو هونەر.

* تۆ کۆمەڵێك دەقی (محەمەد رەشید رەزا)و (کەواکبی)و (محێدین عەبدولوەهاب)و ئەوانی دیکەت هەڵبژاردووە، وەك چۆن بۆ ئەو دەقانەش پێشەکیت نووسیوە، چ ئەوانەی لەیەك کۆدەکاتەوە، هەڵبژاردنەکانی تۆ لەسەر چ بنەڕەتێکەوەیە؟

— ئەوە بەشێکی تەواوکاری (ستاتیكو دینامیك) بوو، چونکە ئەو کتێبە یەکەمجار بەسێ بەش دەرچوو، لە دوابەشدا کە بەرۆشنگەرییەوە پەیوەست بوو، ئاماژەم بەوەدا تەواوکەری ئەو کتێبە لەو بەشەدایە کە لەسەر فیکرو گەشەکردنی فیکری دەینووسم، سێیەم بەشی بە ئەدەبی سەردەمی رۆشنگەرییەوە تایبەت بوو، بەلاّم بەشی چوارەم تایبەت بوو بەفیکر لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە، من لەوێ نموونەی کۆنو نوێم لەو سەردەمە وەرگرتبوو، نوێ بەمانای ئێستا هەروەها گوتم هەر دەبێ قسەم لەسەر (محێدین عەبدولوەهاب) هەبێ.



PDF4Kurd

تاکو بزانم چۆن ئیسلامی خوێندۆتەوە، وەك ئاگادارن ئەو خوێندنەوەیەش لەناو کۆمەڵگای عەرەبیدا خوێندنەوەیەکی کاریگەرئامێزە، بۆیە دەبێ نهێنی ئەو خوێندنەوەیەم تێبگەم، سەرەڕای ئەوەش من (محەمەد عەبدە) و ئەوانی دیکەم وەرگرتووە، هەندێکیش ڕەخنەیان لێ گرتم‌و گوتیان چۆن لەسەر (محەمەد عەبدولوەهاب) دەنووسیت، من سەیرم بەو ڕەخنەیە هات، چۆن لەسەری نەنووسم کە خۆی بەبۆچوونەکانی لەبارەی ئیسلامەوە موڵکی ژیانی عەرەبی‌و بەپلەی یەکەم میسرییە، جا بۆ ئەوەی لە دژی یەکێك بوەستم دەبێ تێبگەم، من لەو کەسانە نیم کە ئەگەر یەکێك خاوەنی فیکر بێ پشت گوێی بخەم، بەڵکو قووڵتر دەبمەوە تاکو بۆ تێگەیشتنی ڕێگەیەك بدۆزمەوە، بەو خولیایەوە لەسەر (محەمەد عەبدولوەهاب)م نووسی، سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێك بیریار لە جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیدا هەن کە لەژێر کاریگەری ئەودان.

* بۆچی؟

– تۆ بۆ هۆیە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئایینییەکان بگەڕێوە.

* ڕاستە لەسەر ئەوت نووسی‌و بەتەئکید گەیشتیتە قووڵاییەوە؟.

– بۆیە لەسەرم نووسی تاکو کەشفی بکەم، ئەو بنەڕەتانە بدۆزمەوە کە پشتی پێ دەبەستێت، تاکو بزانم چۆن نەخشەیان بۆ دادەنێ‌و چۆن بەرەو ئاسۆیەکی دیکەیان دەبات، بەڵام ئەگەر پشتگوێی





بخەم‌و وەك ئەوەی هەر نەبووە، ئەوە وەك ئەوە وایە کە سەر بخەیتە نێو لمەوە.

* ئایا شتێك هەیە ئەوانە کۆبکاتەوە؟

– ئارەزووی من لە بەدواداچووندا کۆیان دەکاتەوە، هێڵی (ستاتیك‌و دینامیك) لەبارەی کەلتووری عەرەبییەوە، من گوتم مەزنترین بەڵگە بۆ (ستاتیك) بوونی کەسێکی وەك (محەمەد عەبدولوەهاب)ە. ئێوە دەڵێن فیکرو کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێ، بەڵام پێم ناڵێن بۆچی دروست دەبێ، ئەگەر لێرەدا گۆڕانکارییەکانی شیانەیی هەبێ، ئەوە تەئکید کردنە لەوەی کە بونیادی قووڵی ڕۆشنبیریی عەرەبی ناگۆڕێت، پێم بڵێ چۆن لەسەر ئەم‌و ئەو دەنووسی، کەسانێك هەن نازانن چ دەخوێننەوە، هەروەها بڵێ ئایا من لەڕێگەی داواکردنە ئەوەم نووسیووە، کە ئەو خۆی قەدەغەیە بچێتە سعودیەو من لە پێناوی دەجەنگم. لەبەر ئەوەیە کە من بەشێوەیەکی جیاوازی خوێندومەتەوە.

* ئایا گەڕانەوەی (شەوقی)و (بارودی) بۆ لاساییکردنەوەی نموونەی سەردەمی عەباسی، بەو مانایەیە کە ئێمە لە دوو زەمەندا دەژین؟

– کاتێك لەسەر ئەوانم نووسی گەردەلولێك هەڵیکرد، وەك ئەوەی من دژی شیعری میسری بم، ئەوە قسەیەکی جوان نییەو قابیلی گوتن نییە، چونکە وەرگرتنی شەوقی لە گەڕاندنەوەی زمانی



PDF4Kurd

کلاسیکی باشترە، بەڵام هیچ شتێکی نویٚ لەو بارەیەوە پێشکەش نەکرا، ئایا ئەو بۆچوونە بۆ خۆی بۆچوونێکی بابەتیە، یان رق لیٚ بوونەوەیە لە شیعری میسری، بەداخەوە خەڵکانێك هەن ئاوا بیر دەکەنەوە.

* بەڕای تۆ بۆچی ئەو هەرایە دروست بوو؟

– چونکە خەڵکانێك هەن خۆیان لەگەڵ وڵاتو گەل تەماهی کردووە، ئەگەر قسەت لەسەر ئەوان نەکرد وەك ئەوە وایە کە گەلت بەتەواوی پشتگویٚ خستبیٚ.

* باشە دوا هەڵسەنگاندنت بۆ قوتابخانەی ئەپۆڵۆو دیوان چییە؟

– من یەکەم کەس بووم کە بەروانینێکی تازەگەرییانەوە لەسەر ئەپۆڵۆو دیوانم نووسیووە.

* ئێمە دەبینین کە تۆ لەسەر بەرگی چاپە یەك لەدوا یەکەکانت دەستەبژێری دەکەیت، دەتوانین لەوە بگەین کە تایبەتە بەلێکۆڵینەوەی رەخنەییەوە، بەڵام کە چاپی کۆمەڵە شیعرەکانت هەڵگری ناونیشانو دوادارِشتنەوەیە، هیچ لەوەیان تێناگەین؟

– ئەوە جۆرێکە لە هەستکردن، نەك گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لێرەدا هەندیٚ جار هەڵە هەیەو راستیان دەکەمەوە، یان فیکرەیەو ڕوونی دەکەمەوە، خوێندنەوە هەیە کە بەدوادارِشتن ناوی دەبریٚ هیچ زیادکردنی تیا بەدی ناکەیت، من هیچ قەسیدەیەك دووبارە





نانووسمەوەو بەڵکو رەنگە پارچەپەکی لیٚ لابەرم، یان بۆی زیاد بکەم.

* لەسەر چ بنەڕەتێك؟

– قەسیدە کۆتایی نایەت، ئەگەر ئەمڕۆ بە نووسینی شتی دیکە سەرقاڵ نەبم زۆر لە قەسیدەکانی خۆم دادەڕشتەوە، قەسیدە کارێکە بەهیچ جۆریٚ تەواوبوونی بۆ نییە، هەتا خاوەنەکەی دەمریٚ هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە، رەنگە دوای مردنی خاوەنەکەشی هەر بەکراوەیی بمێنێتەوە.

* بابەتی خوێنەر لەم حاڵەتەدا لەکویٚ دایە!؟.

– من بەڵگە نامە نیم، من وەك خوێنەرێك لەبەرامبەر تۆ تەقینەوەی شیعریم، بەڵام کە پێم دەڵێی چۆن قەسیدە دەنووسیو کەی دەینووسیو لەکویٚ دەینووسی، ئەوە بەلای من گرنگ نییە، هیچ پەیوەندیشی بەشیعرەوە نییە، ئەوە لایەنێکی بەڵگە دارانەیە، هەندیٚ لە مێژوونووسانی ئەدەبی بایەخی پێدەدەن، من لەو قەسیدەدا بایەخ بەدرەوشانەوەی بەردەوام دەدەم.

* لەبەرئەوەی قەسیدەی کامل لەئارادا نییە، ئەی بۆچی ئەو توندوتیژییەو توندوتیژی دژ بەشیعرەکانت هەیە؟

– عەرەب، خوێنەرو رەخنەکانی ئەوەندەی گرنگی بەدەوروبەر دەدەن ئەوەندە بایەخ بە جەوهەری شیعرییەتی قەسیدە نادەن، تۆ ئەو رەخنانە بخوێنەوە کە ئێستا دەنووسرێن، شتی دەگمەنیان تیا



PDF4Kurd

بەدی ناکەیت، وەك شیكردنەوەی ئیستاتیکای قەسیدەو شیعریەت، ڕەنگە زۆر کەم بێ، بەڵام زۆربەیان فیکر لەوەدا کورت دەکەنەوە کە بڵێن شاعیر ئاوایە، ئەمە نیشتمانپەروەرە، ئەمە خاکەکەی خۆش دەوێ، ئەوە خاکەکەی خۆش ناوێ، واتە ئەو ڕەخنانە ڕەخنەی قوتابخانەی و ئاسانکارین، بەڵام لە ڕەخنەی شیعردا چوونە نێو زمانی شیعری و شیکردنەوەی ئاستەکان و پەیوەندییە ئیستاتیکییەکان زۆر کەم بەدی دەکەیت، سەرەڕای ئەوە ئەو مەسەلەیە پێویستی بەماندووبوون و ڕۆشنبیریی بەرزو تێگەیشتنی شیعری هەیە، هەندێ لە ڕەخنەگران هەن ناتوانن ئەوەی کە پەخشان ئامێزەو ئەوەی کە کێشدارە لە یەکیان جیا بکەنەوە، چۆن زمانی شیعر شی دەکەنەوە؟

* گوتم بێجگە لەوانەش هەن؟

– (کەمال ئەبودیب) ئەو ڕەخنەگرەیە (نەك هەمیشە) بەڵام هەوڵیداوە بونیادی قەسیدە، یان فیکرەکان شی بکاتەوە، هەروەها (جابر عسفور) (عەبدولرەحمان بەسیسۆ) لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی جوانیان نووسوویە، بەڵام پشت گوێ خراون، هیچ کەس دەربارەیان نانوسێ ئەوانە ئەو ڕەخنەگرە چاوساغانەن کە لەبارەی شیعرەوە دەنووسن، نەك بۆنە شیعرەکان، من خوازیارم لە شیعری عەرەبیدا تاکە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شیعرییەتی خاك هەبێ، جا چ فەلەستینی بێ، یان لەدەرەوەی فەلەستین بێ، یان لەسەر





شیعرییەتی پاڵەوانێتی، یان زەبوونی، بەڵام ڕەخنەگرەکان هەموویان قەسیدەکان کورت دەکەنەوە، بێ ئەوەی بەقووڵی شیکردنەوە بۆ شیعرییەت ئەنجام بدەن.

* بەڵام تەمومژو لوغزو سێگۆشەو ئەو بازنانەی کە (ئەبودیب) لاپەڕەکانی پێ پڕ دەکاتەوە، ئایا ئەوە ڕەخنەی نموونەییە، ئەوە لە هەموو ڕۆشنبیرییەکاندا وجودی هەیە ئایا ئەوە بەشێك نییە لە قەیرانی ڕۆشنبیری عەرەبی؟

– ئەوە بابەتی من نییەو نامەوێ بچمە ناوییەوە.

* بەڵام تۆ هەر شاعیر نیت، ڕەخنەگریشی؟

– نامەوێ بەرگرییان لێ بکەم، بەڵام ئەو نەخشەو وێنانە زێتر شتەکان ڕوون دەکەنەوە، ئەگەر بمەوێ بارودۆخی تاك لە کۆمەڵگای عەرەبی بۆ تۆ ڕاڤە بکەم وێنەی بازنەیەکم کێشا، لە کۆمەڵگای عەرەبیدا تاك لەنێو ئەو بازنەیەدایە، ئەوپەڕی ڕێگەدان بەچوونە دەرەوەی ئەوەیە کە دوور لە سێنتەر هەڵواسرابێ، کەواتە ئەوەی کە دوورکەوێتەوە دەبێتە زەندیق و بەپێچەوانەی تاك لە کۆمەڵگای خۆرئاواییدا، کە موناقەشە دەکاو ڕەفز دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگا پێی ڕازییە، ئەوە جیاوازییەکانن (لەو کاتە ئەدۆنیس کاغەزو قەڵەمی دەست دایەو ئەو فیکرەیەی لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە ڕوونکردەوە) بەبێ ئەو وێنەیە فیکرەکە ئاشکرا نییە.



PDF4Kurd

* پەیوەندییەك لەنێوان فۆرمی كۆمەڵە شیعری (الكتاب)و سینەمادا هەیە، تۆ پەیوەندیت بەسینەماوە چییە؟

– بەبێ درۆ، من لەوە بڕوایەدام كە لە نێوان شاعیرە تازەگەرەكانی عەرەبیدا هەر لە سەرەتاوە من پەیوەندیم لە نێوان هونەری شیعری‌و هونەرەكانی دیكە دروست كرد، بەتایبەتی هونەری شێوەكاری بەڕای من پەیوەندی نێوان گۆرانی گوتن‌و مۆسیقا وێڕای جیاوازی لە پلەدا پەیوەندییەكی ئۆرگانییە، لێرەدا گۆرانی گوتن‌و سروود گوتن هەیە، لە وجودی مرۆییدا پلەی قەوارەیی‌و بۆچوونی مەعریفی هەیە، كەواتە ئەو پەیوەندییە پڕ بایەخانەی كە دەبێ لەسەریان بوەستین پێكهاتەی شیعری‌و ڕەنگی‌و ئەندازەو بیناسازییە، بێ درۆ دووبارەی دەكەمەوە كە من یەكەم شاعیر بووم قەسیدەی شێوە ڕەنگڕێژكراوو پێكهاتەی بینائامێزم نووسی، ئەگەر ئەوە ڕاست بكەوێتەوە بەتایبەتی قەسیدە درێژەكانم وەك (هذا هو اسمی)ء (مفرد بصیغة الجمع)ء (قبر من اجل نیویورك) كەواتە من شیعر وەك سینەما دەبینم، بەو مانایە داوای قەسیدەی تۆڕئامێزو ئەو قەسیدەیەم دەكرد كە وەك درەخت ڕەگەكانی بەهەموو لایەكدا درێژ دەبێتەوە، نموونەیەكی تەواو لە كۆمەڵگاو مێژوو دەخاتەڕوو، وەك ئەوەی بینایەك بێ كە دەچێتە ناوییەوە لەپەنجەرەكانییەوە سەرنج لەدەرەوە بدەیت، خۆی ئەو قەسیدەیە تەواو لەشاشەی سینەما





دەچێ، كە لەیەك ساتدا بۆچوونێك‌و نموونەیەكی شێوەكاری‌و مۆسیقی‌و دەنگی‌و ئاواز ئامێزت پێ دەبەخشێ.

* كام سینەمات دیووە؟

– حەز لە سینەمای ئیتاڵی فلینی‌و بازۆلینی دەكەم، هەندێ لە فیلمە یابانییەكانم پێ خۆشە، بەڵام سینەمای عەرەبی بەتەواوی ناناسم.

* ئەی جیهانی، یوسف شاهێن؟

– ناتوانم رایەكی وردت لەسەر ئەو پێ بدەم، چونكە نازانم چۆن گەشەی كردووە، هەندێ لە فیلمەكانم دیووە پێی سەرسام بووم، بەڵام ئەوەی هەر وەك سەرسام بوون دەمێنێتەوە چونكە پێویستی بەمەعریفەی زێترو وردبوونەوە هەیە.

* فۆرمی قەسیدە (درەخت/ بینا) كە قسەت لێكرد، ئایا ئەوە لەژێر كاریگەری نیشتەجێ بوونت لە خۆرئاواوە سەری هەڵداوە؟

– هەر كاریگەری نییە، چونكە بەنیسبەت من ئەو كارەی كە ئەنجامی دەدەم بە هیچ كارێكی خۆرئاوایی ناچێ.

* فرە دەنگی‌و فرە ریتمی لەناوەوەی قەسیدەكانت بەدی دەكەین، ئایا هیچ لەبارەی گۆرانی‌و مۆسیقا قسەت بۆ كردین؟

– من حەز لە مۆسیقای كۆنی عەرەبی دەكەم بەتایبەتی ئامرازی (عود)و هەندێ جاریش (نای) بۆیە مۆسیقای ئێرانی‌و توركیشم خۆش دەوێ.



PDF4Kurd

* پەیوەندیت بەشەپۆلی مۆسیقای نویٚ جازی روك ئەندرۆك چییە؟

– هەڵبەت حەزی لیٚ ناکەم، چونکە مۆسیقای کلاسیکی خۆرئاوایم خۆش دەویٚ.

* چۆن تۆ هەوڵدەدەی چەشنەکانی مۆسیقای کلاسیکی لە شیعرەکانتدا پارچە پارچە بکەیت؟.

– دەشیٚ ئەوە هەڵە بیٚ، یان جۆریٚك بیٚ لەچیٚژ، بەلاٚم بۆ من شتیٚك نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تەواو دەزانم ئەگەر (بتهۆڤن) یان (مایکل جاکسۆن) لەقاهیرە ئاهەنگ بگیٚڕن، ئەوە چەندان ئەوەندەی (بتهۆڤن) بۆ ئاهەنگەکەی (مایکل جاکسۆن) دەچم. بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا من لەو ئامادەبووە کەمانەم کە گویٚ لە (بتهۆڤن) دەگرن.

* بەیروت، قاهیرە، پاریس، چۆن دەبینی.؟

– بەیروتی کۆن کۆتایی هات، چاوەڕیٚی لە دایکبوونی بەیروتی نویٚ دەکەین، بەلاٚم جیاوازی بەیروت لەگەڵ پایتەختەکانی دیکەی عەرەبی ئەوەیە کە بەیروت وەك قەسیدەی کراوە بەردەوام دەشیٚ بینووسی، بەلاٚم هەستدەکەم شارەکانی وەکو دیمەشق و بەغداد و قاهیرە تەواوبوونە، وەك ئەوەی داخرابن وایە، ئەوەیە کە بەیروت لە پایتەختەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. بەیروت بەدەوری خۆیدا خول ناخواتەوە، هەست ناکەیت لە بازنەیەکی داخراو دابیٚ، بە پیٚچەوانەوە لە ئاسۆیەکی بەرفرەواندا دەڕوا، بەلاٚم لەوە دەترسم





بڵیٚم هەموو پایتەختەکانی دیکەی عەرەبی هەست بەتەواو بوون دەکەن و لەناو چوارچیٚوەی ئەو هەستەدا دەخولیٚنەوە.

* ئایا ئەوە نەنگییە، یان جیاوازی؟

– هەموو تەواوبوونیٚك کەم و کورتی تیایە.

* ئەی پاریس؟

– شاریٚکە بەسەر ئەوانیدیکە دەکریٚتەوە، رەنگە لە دنیادا نموونەی نەبیٚ، بەشی سەرەکی چالاکییە رۆشنبیرییەکانی ئەوەیە کەپیٚشوازی لە دنیا دەکا، پاریس بەشیٚکی گەورەیە لەدامەزراوە مەزنەکان، لە پیٚناو ئەو مەسەلەیەدا کار دەکات، هەندیٚك جار بەهاوڕیٚ پاریسیەکانم دەڵیٚم بهیٚننە بەرچاوی خۆتان ئەگەر ئیٚوە پاریس لەوانیدیکەی بیٚگانە خاڵی بکەن چی تیا دەمیٚنیٚتەوە، پاریس ئەوەیە کە ئەوان خۆیان بە بەشیٚکی ئۆرگانی رۆشنبیریی پاریس دەژمیٚرن. من بەوان دەڵیٚم پاریس مەزنترە لە دانیشتوانی، پاریس بەباڵی دانیشتوانی نافڕیٚ.

* بۆچی (سەعدی یوسف) نەیتوانی بەرگەی بگریٚ؟

– من لەبارەی کەسەکانەوە نادویٚم.

* هەتا ئەگەر ناوت لەگەڵ (سەعدی یوسف) لە گفتوگۆیەکدا بەیەکەوە بلاٚوبیٚتەوە قسە لەوە هاتبیٚ کە لەگەڵ یەکیٚك لەچاودیٚرەکانی وەزارەتی ناوەخۆی پاریس هەوڵی دڵدانەوەی بدریٚت؟



PDF4Kurd

– من ئەو قسانە جێبەجێ ناکەم هەتا ئەگەر بڵاویش کرابێتەوە.

* تۆ (سەعدی یوسف)ت لە گۆڤاری شیعر پێشکەش کرد، دیوانێکی ئەوت بەناوی (قصائد مرئیە) بڵاوکردەوە، ئێستاش لەتۆ دابڕاوە هەروەها ناوی دیکەش هەیە کە لە تۆ دوورکەوتوونەتەوە، ئەو دابڕانەی نێوان شاعیرە مەزنەکان چ دەگەیەنێت؟

– من قسە لەخۆم دەکەم، من لەهەموو ژیانمدا کێشەم لەگەڵ کەس نەبووە، مێژووم دیارە، هەتا ئەوانەی کە رۆژێك لە رۆژان هێرشیشیان کردۆتە سەرم من وەڵامم نەداتەوە، چونکە بڕوام وایە ئەوەی کە لەدوایدا دەمێنێتەوە هەر شیعرە ئەگەر شاعیرێك بایەخی خۆی هەبێ و هێرشی کردبێتە سەرم لەو حاڵەتەدا دەڵێم با شیعر سەرپشك بێ، بۆیە ناچمە ناو چەق چەقو تاوانبار کردنەوە کە زۆر بڵاوە، هەندێ شاعیری باش هەن کە لە ئاستی مامەڵە کردندا ناچنە ناو ئەو جۆرە چەقەچەقەوە. بۆ من گران دەکەوێتەوە کەجیاوازی لەنێوان شیعرو ئەخلاقدا بکەم، یان شاعیرێکی حەقیقی بە درۆزن دابنێم، یان بەدرۆ بوختان بۆ شاعیرێکی دیکە هەڵبەستم، ئەخلاقی من ئەو شتانەی قبوڵ نییە، دواجار هەموو کەسێ شیعرو رۆشنبیریی و ئەخلاقی خۆی هەیە.

* ژمارەیەکی زۆرت لە دەقی شانۆیی تەرجەمە کردووە، بۆچی دەقی شانۆیی شیعری نانووسیت؟





– هەوڵمداوە، بەڵام سەرکەوتنم بەدەست نەهێناوە، دان بەوەدا دەنێم چونکە نەمتوانیووە زمانێکی شانۆیی تایبەت بەشیعر دابهێنم، لەگەڵ زمانی شیعریم بێتەوە، من گومانم هەیە کە زمانی شانۆیی بەمانای قووڵی وشە لە ناو عەرەبدا هەبێ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی پرسیار لە زمانی شانۆیی دەکەم، لەو بڕوایەدام کە زمانی شانۆیی لە پەخشاندا ئەزمەی خۆی لە کێشەی نێوان زمانی بازاڕو زمانی نووسیندا کەشف بکات.

* ئەی دەقی شانۆیی سەلاح عەبدولسەبوور؟

– وەك شانۆکارێك نەمخوێندۆتەوە، چونکە لەو بڕوایەدام کە داهێنانی زمانی شانۆیی بەعەرەبی شتێکی ئاسان نییە، مکن لە گۆشە نیگای شیعرەوە خوێندوومەتەوە.

* ئایا ئەوە دەستبەسەرداگرتن نییە، رەنگە ئەو داهێنانی لەدەقی شانۆییدا کردبێ؟

– دەقی شانۆیی ئەوم خوێندۆتەوە، یان ئەوەی کە بەشانۆ ناوبراوە (کۆمەڵێك گفتوگۆی ئاوێتەیە لە زیرەکی) بەڵام شانۆ نییە وەك ئەوەی من تێیگەیشتبم، نووسینی دەقی شانۆیی بەهرەیە، ناشێ کەسێك بەهرەی نەبێ بینووسێ و من بۆ خۆم خوازیاری ئەوە بووم کە رۆمان بنووسم، بەڵام بەهرەی رۆمان نووسینم تیا نییە، من ئێستا تێکەڵەیەك لە گێڕانەوە دەنووسم، بەڵام ئایا ئەوەی



PDF4Kurd

دەینووسم رۆمانە؟ من دەڵێم نەخێر بۆیە ئەوەی دەینووسم بە (هن، هی، انت)– (نشید لتحیه الجسد) ناو دەبەم.

* هەندێ لە رۆشنبیران ئیشکالیەتی تایبەتییان لەگەڵ عەرەب و هەروەها بزاڤی تەرجەمەدا هەیە، چۆن لە رێگەی ئەو ئیشکالیەتانەوە، رۆشنبیریی حەقیقی و ساختە لەیەکتر جیا دەکەیتەوە؟

– رۆشنبیران لەئاست و کەسایەتی و ئایدیۆلۆژیا و حیزبایەتی و نا پەیوەستکارو ئۆپۆرتۆنیست پێکهاتوون، کە هەر تەنها بەدوای فیکرەکاندا دەگەڕێن، بۆیە لەناو رۆشنبیراندا چینێکی هاوگونجاو دروست نابێ، ئەوان کۆمەڵێك رەگەزی لێکدەرو لێکدوورن، بۆیە هەندێك جار رۆشنبیرێك لەدژی رۆشنبیرێکی دیکە دەوەستێ، زۆربەی جار لە کۆمەڵگای عەرەبیدا رۆشنبیر لە بەرامبەر هاوکارە رۆشنبیرەکەی خۆیدا لە سیاسیەك، یان عەسکەرییەك توندترە، بەگشتی رۆشنبیر ئەوەیە کە دەسەلات پیس دەکات و راپۆرت دەنووسێ و هێرش دەکاتە سەر هاوکارەکانی خۆی، هیچ کاتێك پۆلیسێك نایەت کتێب بخوێنێتەوەو بڕیاری قەدەغەکردنی دەربکات، ئەوەی کە دەخوێنێتەوەو بڕیاری قەدەغەکردنی دەدات رۆشنبیرە.





* تۆ لەساڵی ١٩٧٩ لەسەر شۆڕشی ئێرانت نووسی، ئێستا دوای بیست ساڵان ئەو شۆڕشە بەرەو ریفۆرم دەچێ، چۆن سەیری ئەوشتانە دەکەیت کە ئێستا لەوێ روو دەدەن؟

– هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە هەڵوێستی من دوو ئاستی هەبوو، یەکەم هەڵبژاردنی رژێمی شاو ئەو شۆڕشە بوو، کە نەکرێکارو نەعەسکەری و نە بازرگان و نە تیۆلۆژیستەکان هیچ لەوانە پێی هەڵنەستابوون، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشتییانە گەل پێی هەڵسابوو، ئەوە لە مێژوویی شۆڕشەکاندا رووداوێکی دەگمەن ئامێزە ئەگەر ئەو شۆڕشەش لەگەڵ رژێمی شا بەراورد بکەین، من بێ دوودڵی لەگەڵ شۆڕشدام و لەو بڕوایەدام کە زۆربەی رۆشنبیرە ئازادیخوازەکانی عەرەب و بێگانەش لەوانەش (میشیل فۆکۆ) بۆ نموونە لەگەڵ شۆڕشدا بووو بەڵام ئاستی دووەم ئەوەیە کە ئەو شۆڕشە بەناوی ئایین رابۆتەوە، ئایا ریفۆرم لەئاییندا دەکرێ، چونکە بنەڕەتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە؟ لێرەدا گوتم نەخێر من دژی ئەو سیستەمەم کە لەسەر ئایین رادەبێتەوە جا ئامانجەکانی هەرچی بێ، هەروەها لە یەکێك لەوتارەکانم هۆشداری ئەوەم دا کە لای ئێمە ئەوەی کە پێی دەڵێن تیۆلۆژیستی سەربازی دروست بووە، من ئاواتم ئەوەبوو کە ئێران دوای پاڵنەری ئایینی ئیتر هێدی هێدی بەرەو سیستەمێکی لیبراڵی هەنگاو بنێ و ئایین تیایدا هەر بەدادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکان و ئافرەتەوە پەیوەستە بێ،



PDF4Kurd

نەك ئايين ئايديۆلۆژيايەك بێ بەسەر هەموو تاكەكاندا خۆی فەرز بكات، واتە ئێرانی ئێرانيەكی ديكەی قبوڵ بێ، ئەگەرچی لەگەڵ فيكری تيۆلۆژيستەكانيش نەيەتەوە، واتە با كۆمەڵگا بۆ خۆی ئايين بكاتە ئيلهام، بەڵام ڕێگا بەوانەش بدات كە ئاييندار نين بۆ خۆيان ئازاد بن، بەشێوەيەكی ديموكراسيانە پرسيسەی سيستەمەكە بكەن، بەڵام ئێستا سيستەمی ئێرانی لەڕێگەی هەڵبژاردنی ديموكراسيەتەوە خۆی سەلماندا، ئەوەی دەمێنێ ئەوەيە كە ئەو هەڵبژاردنە ديموكراسيە لەناخەوە لەڕێگەی دامەزراوو زانكۆو قوتابخانەو پەيوەندی لەگەڵ ئەويديكەدا بەرجەستە بێ، ئێمە وەك عەرەب شەرم لە خۆمان دەكەين چونكە لێرە سيستەمێكی عەرەبی نابينی كە ئەو ديموكراتيەتەی بەجێ هێنابێ.

* لەسەرەتای ئەو شۆڕشە هێرشێكی توندوتيژت بەتايبەت لەهەندێ چەپڕەوەوە قبوڵ كرد، بۆ نموونە وتارەكەی (سادق جەلال ئەلعەزم) ئايا تەسەورت وابوو كەئەو هەڵوێستە هەڵوێستێكی دەمارگيرانەيە لەدژی تۆ؟

– نامەوێ هێرش بۆ سەر كەس بەرم، بەڵام من لەتەواوی ژيانی خۆمدا هەرگيز بڕوام بە بوونی فيكری چەپی عەرەبی نەبووە، ئەوەش بەڵگە هێنانەوەی ناوێ، چونكە بارودۆخ ئەوەی سەلماندووە، جارێك گوتمو دووبارەی دەكەمەوە كە لەناو ڕۆشنبيری عەرەبيدا هەر لە بيستەكانەوە (ماركس) دەژی، بەڵام





لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانين بڵێين لەناو عەرەبدا بيريارێكی ماركسی وجودی هەيە، وەك ماركسی ئيتاڵی، واتە لە ماركس گەيشتبێ، ماركسييەك هەبێ بتوانين وەك ماركسی ماویو لينينیو گرامشی بۆی بگەڕێينەوە، تێزەكانی (مەهدی عامل)، يان (حوسێن مروە) لەبارەی خوليای ماديیەوە لەفەلسەفەی ئيسلاميدا جگە لەوەی زانستێكە وەك ئەوەی كە بەماركسييەت كاريگەرە، بەڵام جگە لە كۆمەڵێك كتێبو تيۆر كە لە دەرەوەی واقيعی زيندوو، ئەو واقيعەی كە تيايدا دەژين شتێكی ديكە نين، كتێبەكەی (حوسێن مروە) هەر تەنها بەساكاركردنی ماركسييەت دەكەوێتەوە، سوودێكی فيكری نييە، كە بتوانين بڵێين لە كەلتووری ئيسلاميدا خوليای ماددی وجودی هەيە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەيە كە بتوانين ديراسەی ميكانيزميەتی فيكری ئيسلام بكەين، نەك هەندێ ديارده لێرەو لەوێ قوت بكەينەوەو بڵێين ئەو دياردانە دياردەی ماددين، وەك ئەوەی لەو كەلتوورە گەيشتبين، تۆ دەتوانی كتێبێك بەناوی خوليای ڕۆحانی لە ماركسييەتدا بنووسی، يان خوليای ماددی لە ئينجيلو هەروەها لەقورئان، هەڵبەتە لەدەرەوەی ناوكۆييەكانی قورئانو ئينجيلەوە، ئەوە بۆخۆی مەسەلەيەكی سياسييە، بەو مانايە دێ كە ئێمەی شيوعی دژی كەلتوور نين، بەڵكو هەوڵدەدەين لە كەلتوور بگەين. ئێمە لەگەڵ ئيسلامداينو گفتوگۆی لەتەكدا دەكەين، لەو ئاستە تەكنيكييە سياسيەدا دەشێ كتێبەكەی



PDF4Kurd

(حوسێن مروە) و کتێبەکانی دیکەی مارکسییەکان بناسین، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کەلتوور کردووەو بەلاّم بەڕای من لەسەر ئاستی مەعریفی هیچ بەهایەکیان نییە.

تێبینی:

دەقی ئەسڵی ئەو گفتوگۆیە (مارغریت ئوربانگو سامۆیل شەمعون) بەئەنجاکیان داوەو لەگۆڤاری (بانیبال) کە لە لەندەن بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێ بلاّوکراوەتەوەو گۆڤاری (عیون) کە (خالید ئەلمەعالی) لە (کولۆن)ی (ئەڵمانیا) دەریدەکات تەرجەمەی کردووە، ئەوەی بەدەستتان لەسەرچاوە ئەڵمانییەکەوە وەرگیراوە.

سەرچاوە

الاهرام ١٥ ئەپریڵ ٢٠٠٠/ من تەنها ناوونیشانەکەم گۆڕیووە.





## بەرهەمەکانی نووسەر:

١-سێبەری ئاو ( کۆمەڵە شیعر) ١٩٩٥ هەولێر

٢-بازەمەنێك لەتەماشاکردنی ئاو بەرۆژوبین (قەسیدە) ١٩٩٦

٣- ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی،( لیکۆڵینەوە)

٤- تەنیا ئاو ، تەنیا باران( شیعر)

٥- تەنیا مەرگ( سێ شانۆگەری وەرگێڕدراو).

٦- شیعرییەتی دەق ( ئەدۆنیس) وەرگێڕان

٧- پەیبردن بەژیان، پەیبردن بە شیعرو بوون ( لێکۆڵینەوە)

٨- خەیاڵی زمان ( لێکۆڵینەوە)

٩- شوێنکاتی یەکەم لە دووەمو ئێستای سەگوەڕ( لێکۆڵنەوە)

١٠- مرۆڤ لەروانگەی فرۆید ( وەرگێڕان)



PDF4Kurd